ص:92-114

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# دامەزراندنی ئەرشیڤی مێژووی زارەكی و گرنگی لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی كورددا

سامان حسێن ئەحمەد

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: saman.abdullah@univsul.edu.iq

**پوختە:**

مێژووی زارەكی ،ئەو مێژوومیە، ژیان لە چوارچێوەی خودی مێژوودا دروست دەكات و بوارەكانی مێژوو فراوانتر دەكات، كە تەنها بایەخ بە مێژووی سیاسی و سەربازی نادات، بەڵكو مێژووی سەرجەم كایەكانی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، هەروەها ئەو مێژوومیە، كە ڕێگا نادات نەبوونی سەرچاوە و بەڵگەنامەی نووسراو ببنە هۆكاری لە ناوچون یان پشتگوێخستنی ڕووداوە مێژووییەكان، بەڵكو لە ڕێگای گەواهیدەرە زارەكییەكانەوە هەوڵ دەدات ئەو كەموكوریانە پڕ بكاتەوە. مێژووی زارەكی یەكێكە لەو كایانەی، كە هەر لە سەرەتاوە مێژوو پشتی پێ بەستووە، هەر لە مێژووی كۆنەوە تا ناوەڕاست و نوێ، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگی بە ئاستێكی زۆر زیادی كردووە، بە تایبەتیش دوای ڕووداوەكانی جەنگی جیهانی یەكەم و دووەم و زۆربوونی ڕووداو و كارەساتەكان، كە بەشی زۆریان پێویستیان بە تۆماركردن بوو، بەڵام دەقی نووسراو لە بارەیانەوە نەبوو، واتا ئەوانەی ئاوارە بوون، ئەوانە برسی بوون و ئەوانەی لە دارستانەكاندا مانەوە ....هتد، زانیارییەكی ئێجگار زۆری مێژوویی لە سینەیاندا بوو، بەڵام بێئەوەی تۆمار كرابێت و بووبێت بە كەرەستەیەک بۆ نووسینەوەی مێژوو، هەر بۆیە لێرەوە گرنگی كۆكردنەوەی (گەواهیە زارەكییەكان) هاتە پێش و دەستكرا بە كۆكردنەوە و كار لەسەر كردنیان لە هەریەك لە ئەمریكا و ئەوروپا و ئەرشیڤكران و دواتر وەك سەرچاوەی مێژوویی كاریان لەسەر كرا .

**كلیلە وشەكان:** مێژووی زارەكی، ئەرشیفكردن، مێژووی هاوچەرخی كورد، مێژووی كۆمەڵایەتی.

**الملخص:**

تاريخ الشفوي , ذلك التاريخ, الذي يقوم ببناء الحياة في إيطار التاريخ بحد ذاته و تقوم على توسيع مجالات التاريخ , والذي لايهتم بتاريخ السياسي والعسكري فقط وإنما تتضمن جميع مجالات الحياة وكذلك انه ذلك التاريخ الذي لا يدع لعدم وجود مصادر والوثيقة المكتوبة أن تكون سبباً لضياع او إهمال الأحداث التاريخية , بل يحاول على سد تلك الثغرات عن طريق الشهادات الشفوية . التاريخ الشفوي يعد مجالاً اعتمدت عليه كتابة تاريخ منذ بدايات التاريخ و من التايخ القديم وحتى الوسيط و الحديث, إلا ان قد زادت أهميته بشكل ملحوظ في كتابة تاريخ المعاصر و لاسيما بعد الحربين العالميتن و ازدياد الحوادث و المآسي ,حيث اكثريتها كانت بحاجة إلى تدوين و لكن لم تكن هناك نصوص مكتوبة حولها , أي الذين تشردوا والذين جاعوا و الذين تاهوا في الغابات ..الخ و الذين يحفضون معلوماتاً كثيرة في صدورهم ولكن دون ان تكون مسجلة وتصبح مصدراً تاريخياً , ومن هنا بدأت أهمية الشهادات الشفوية وقاموا على جمعها في أمريكا وأوروبا وقاموا بأرشيفها و الإسفادة منها كمصدر تاريخي فيما بعد , هكذا أرشيف لها أهمية كبيرة في كتابة تاريخ كورد المعاصر و ذلك لانه قسم الأكثر من حوادث تاريخ الكورد المعاصر تندر المصادر التاريخية حولها فعلى سبيل المثال أحداث الأنفال والقصف الكيمياوي وتهديم القرى وكذلك تفاصيل حياة الطبقات والفئات الاجتماعية و...الخ وكذلك تاريخ الحياة الإقتصادي والإجتماعي للكوردستان لا تتوفر المصادر التاريخية حولها , لذلك فأمثل طريقة لسد هذه الثغرات هي الإعتماد على الشهادات الشفوية ومن هنا قيام بمقابلات شفوية مع الذين كانوا جزءاً من تلك الأحداث و عاشوها و فالبحث يتكون من ستة محاور رئيسية حيث المحور الأول تقصد الى تعرُف على التاريخ الشفوى تعريفاً ومفهوماً و المحور الثاني تتحدث عن ظهور التاريخ الشفوي . المحور الثالث فمخصص للتحدث عن أهمية التاريخ الشفوي وفي المحور الثالث تناقش الإنتقادات الموجه الى التاريخ الشفوي و الحور الخامس تقوم على توضيح خطوات التاريخ الشوي منذ البداية وحتى الأرشفة و في المحور السادس والأخير فتتكلم عن أهمية أرشفة التاريخ الشفوي في كتابة تاريخ الكورد المعاصر .

**الكلمة الرئيسية:** التاريخ الشفوي، التوثيق، التاريخ المعاصر للكرد، التاريخ الاجتماعي.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 92-114
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

Oral history is that kind of the history in which life will be created within the framework of history itself and expands the fields of history, which does not only care about political and military history, but also includes the history of all aspects of human life, as well as that history, which does not allow the lack of written sources and documents to become a reason for the destruction or neglect of historical events, but through oral witnesses, they try to fill out these shortcomings. The oral history is one of the events that the whole history has relied on since the beginning, from the Middle Ages and to the present, but modern history has paid special attention to the value of it, particularly after the events of the both world war I and II, and the increase in incidents and disasters, most of which needed to be recorded, but there were no written texts about them, it means that those who were displaced, those who were starved and who have been left in the forests. Etc. There had been a wealth of historical data in their chest, but none of it had been recorded or utilized. As a result, the significance of beginning oral testimony emerged and began to be acknowledged in America and Europe, where it was archived and subsequently worked on as a source of history.

**Keyword:** Oral History, Documentation, Contemporary History of Kurd, Social History.

## پێشەکی

مێژووی زارەکی، ئەو مێژووەیە، ژیان لە چوارچێوەی خودی مێژوودا دروست دەکات و بوارەکانی مێژوو فراوانتر دەکات، کە تەنها بایەخ بە مێژووی سیاسی و سەربازی نادات، بەڵکو مێژووی سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت هەروەها ئەو مێژووەیە، کە ڕێگا نادات نەبوونی سەرچاوە و بەڵگەنامەی نووسراو ببنە هۆکاری لە ناوچون یان پشتگوێخستنی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو لە ڕێگای گەواهیدەرە زارەکییەکانەوە هەوڵ دەدات ئەو کەموکوڕیانە پڕ بکاتەوە، واتا لە کوێدا نووسین و بەڵگەنامەی نووسراو نەبوو یان کەم بوو لەوێدا ئەمجۆرە مێژووە دەست پێدەکات. مێژووی زارەکی یەکێکە لەو کایانەی، کە هەر لە سەرەتاوە مێژوو پشتی پێ بەستووە، هەر لە مێژووی کۆنەوە تا ناوەڕاست و نوێ، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگی بە ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە، بە تایبەتیش دوای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و زۆر بوونی ڕووداو و کارەساتەکان، کە بەشی زۆریان پێویستیان بە تۆمارکردن بوو، بەڵام دەقی نووسراو لە بارەیانەوە نەبوو، واتا ئەوانەی ئاوارە بوون، ئەوانە برسی بوون ئەوانەی لە دارستانەکاندا مانەوە ....هتد،زانیارییەکی ئێجگار زۆری مێژووی لە سینەیاندا بوو، بەڵام بێ ئەوەی تۆمار کرابێت وبۆبێت بە کەرەستەیەک بۆ نووسینەوەی مێژوو، هەر بۆیە لێرەوە گرنگی کۆکردنەوەی (گەواهیە زارەکییەکان) هاتە پێش و دەستکرا بە کۆکردنەوە و کار لەسەر کردنیان لە هەریەك لە ئەمریکا و ئەوروپا و ئەرشیڤکران و دواتر وەك سەرچاوەی مێژووی کاریان لەسەر کرا . ئەمجۆرە ئەرشیڤە دەکرێت سودێکی زۆری لە نووسینەوەی مێژووی کورددا هەبێت ، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە رووداوە مێژووییەکانی کوردستان کەمترین سەرچاوەی نووسراو لەبارەیانەوە هەیە، بۆ نمونە ڕووداوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕووخاندنی گوندەکانی کوردستان و وردەکاری ژیانی چین و توێژەکان و ...هتد . هەروەها مێژووی ژیانی ئابوری وکۆمەڵایەتی کوردستان کەمترین بەڵگەنامەی نوسراویان هەیە، کەواتە باشترین ڕێگا ئەوەیە، کە پشت بە گەواهی زارەکی ببەسترێت، لێرەشەوە پەنا بۆ چاوپێکەوتنی زارەکی ئەو کەسانە ببرێت ،کە لەناو خودی ڕووداوەکان بوون و ئازارەکانیان چەشتووە ،نەك سەرکردە یان ئەو نووسراوانەی کە هەر لە دوورەوە بیستویانە، هاوکات کۆمەڵێك وردەکاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و فولکلوری و تەنانەت سیاسیش هەن، هەر بەو ڕێگایە چارەسەر دەکرێن.هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، سەرەڕای گرنگی ئەمجۆرە کارە، کەچی تا ئێستا لە کوردستان لە سەرلەبەری ناوەندە ئەکادیمی و ئەرشیڤخانە و کتێبخانەکاندا هێج لایەک لە مجۆرە مێژوونووسی و ئەرشیڤکردنە نەدراوەتەوە و لەم ڕووەوە کەلێنێکی زۆر گەورە هەیە ، کە لەم کارەدا ئامانجمان ئەوەیە ، چەمك وپێناسە ومێژووی دەرکەوتنی و گرنگی ئەمجۆرە مێژوونووسینە روون بکەینەوە هەروەها چۆنییەتی کۆکردنەوەو ئەرشیڤکردنی و دواتریش سوودلێوەرگرتن وبەکارهێنانی، وەکو سەرچاوەی مێژوویی بخەینە روو هاوکات دمانەوێت ئەوە روون بکەینەوە کە ئەمجۆرە ئەرشیڤە بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورددا، تا چ رادەیەک گرنگە .

ئەم توێژینەوەیە لە شەش تەوەی سەرکی پێکهاتوە، کە تەوەرەی یەکەم، مەبەستی ناساندی مێژووی زارەکییە وەکو چەمک و پێناسە. تەوەرەی دووەمیش، باس لە دەرکەوتنی مێژووی ز ارەکی دەکات . تەوەرەی سێیەمیش، تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لە سەر


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گرنگی مێژووی زارەکی، لە تەوەرەی چوارەمیشدا ئەو رەخنانەی لە مێژووی زارەکی دەگیرێن دەخرێنە بەرباس. تەوەرەی پێنجەمیش تایبەتە بە خستنەڕووی هەنگاوەکانی مێژووی زارەکی لە دەستپێکەوە تا ئەرشیڤکردن. لە تەوەری شەشەم و کۆتاییشدا باسی گرنگی ئەرشیڤکردنی مێژووی زارەکی بۆ مێژوویی هاوچەرخی کورد کراوە.

**یەکەم : ناساندی مێژووی زارەکی**

لەم ماوانەی دواییدا بابەتی مێژووی زارەکی، سەرنجی زۆری تیوریا وبۆچونە جیاوازەکانی بەلای خۆیدا راکێشا، جا چ لە بارەی پێناسەکردن ودیاریکردنی ماهیەتی وکاتی دەرکەوتنی و زانینی رۆڵ وبەهایەوە بێت، وەکو ئیپستمۆلۆجی، لە گەشەسەندنی زانستی مێژوودا، یان لە بارەی فراوانکردنی ئەرکەکانی، ئەم بوارە مەعریفییەوە بێت ،لە خزمەتکردنی زۆرتر، بە زیاتر تەواوکردنی رووە جیاجیاکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی ومرۆیی لە هەموو رووەکانەوە وبەدەرخستنی ئەو لایەنانەی، کە ژێرکەوتوون وپشتگوێخراون لای مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی (مجموعة مؤلفين , 2015 \ج1: 13).

لە ناوەراستی سەدەی بیستەوە مشتومڕی زۆر لەنێو مێژوونووساندا لە سەر پێناسە و بەها و سوود و چۆنییەتی، مێژووی زارەکی کەوتەوە ، کە بەلای هەندێکیانەوە جێی گومانە و پێیان وایە ناتوانێت ڕۆڵی لە دووبارە بونیادکردنەوەی رابردوودا هەبێت و سەرچاوەکانی بەشێوەیەکی گشتی جێی گومانن و چارەسەریش ناکرێت (بيتر بوركى، 2010، 167)، کەچی هەندێکی تر لە مێژوونووسان و بەتایبەتی ئەوانەی بانگەشە بۆ ئەم جۆرە نووسینەوەیەی مێژوو دەکەن پێیان وایە، کە مێژووی زارەکی سەرچاوەیەکی گرنگی نێو سەرچاوە فەرمییەکانی مێژووە، بە تایبەتیش لە گێڕانەوەی مێژوویدا، کە سەرەتای نووسینەوەی مێژوو بە گشتی لەوێوە دەستی پێکردووە، ئەوان دەڵێن ئەگەر ئەو گێڕانەوە زارەکیانە تۆمار نەکرابا ئەوا لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە دیاردە و بابەتە مێژووییەکان ون دەبوون، نەك هەر ئەوەش تەنانەت ئەوان وەك بەشێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخ سەیری دەکەن کە ناکرێت نادیدە بگیرێت (نبيل عقلم، 2).

سەبارەت بە پێناسەکردنی مێژووی زارەکی، ئەوا بە چەندین جۆر پێناسەکراوە، کە لە کورترین پێناسەدا، بریتییە لە تۆماری گەواهییە تاکەکەسییەکان کە بەشێوەی زارەکی دەبەخشرێت( Yow,2005,3-4) . یان دەڵێت مێژووی زارەکی تۆماری دەنگی زانیارییە مێژووییەکانە و لە رێگای چاوپێکەوتنەوە دەست دەکەوێت، کە لە چوارچێوەی مێژووی ژیانی کەسەکەدا پارێزراوە . (Baytor University,?: 1).بەلای هەندێکیشەوە مێژووی زارەکی : شێوەیەکی ڕەسەن و دیارە لەنێو شێوەکانی گێڕانەوەی گشتی مێژوو، بەڵام ئەو جۆرەیە، کە کەمتر پابەندی میتۆدێکی دیاریکراوە، ئەمجۆرە مێژووە پەیوەندییەکی زارەکییە بەکۆمەڵگاوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگواسترێتەوە (محمد عبدالفتاح السيد، 51)، بەڵام هەندێکی تریان وەکو میتۆدێکی تایبەت لە کاری توێژینەوەیی ناساندویانە و تیایاندایە دەڵێن : بریتییە لە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی مرۆڤ و ئەزمونەکانیان لە رابوردووی نزیکدا بە شێوازێکی جیاواز لە شێوازی نووسین، کە پشت بە گفتوگۆیەکی رێکخراوی نێوان دوو کەس دەبەستێت، کە لە شێوەی چاوپێکەوتن دەبێت، یان بە دەربڕینێکی تر دەڵێن : میتۆدێکی لێکۆڵینەوەیە، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە رابووردوو، لە رێگای یادەوەری بگۆوە، کە بریتییە لە گێڕانەوەی تاکەکان و هێنانەوەی ژیان و ئەزمون و بینینەکانیان، بە تایبەت ئەوانەی خۆیان تێدا بەشداربوون ، یان بە چاوی خۆیان بینیوویانە ، کە ریزبەندییەکی کرۆنۆلۆجی لە خۆدەگرن و هەندێکجار لێکدانەوە وراڤەکردنیش لە خۆ دەگرن(مجموعة مؤلفين ، 2015\ج2 : ٢٤٨ )، هەروەها هەندێکی تریش پێیان وایە، مێژووی زارەکی بریتییە لە پیادەکردنی میتۆدێکی توێژینەوە ، کە بریتییە لە ئاکتی تۆمارکردنی یادەوەری ئەو کەسانەی کەشتێکی سەرنج راکێش وچێی بایەخیان پێیە بۆ گوتن هەروەها شیکردنەوەی بیرەوەرییەکانی رابوردوویان(Abrams,2010: 2)، هەر بۆیە ئەمانە دەڵین :مێژووی زارەکی پەراوێزی و شوێنکەوتەیی نییە، بەڵکو میتۆدێکە بۆ فراوانکردنی بوارەکانی مێژوو و پەلهاویشتنی بۆ هەندێک بابەتی تر، کە تەوسیق نەکراون (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 54).

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە دەڵێت: مێژووی زارەکی مێژووی چڕ بوونەوە و بیناکردنە لە چوارچێوەی گەلدا و ژیان لە چوارچێوەی خودی مێژوودا دروست دەکات و بوارەکانی مێژوو فراوانتر دەکات، بواری دەرکەوتنی پاڵەوان تەنها لەنێو سەرکردە دا ناهێڵێتەوە، بەڵکو پێی وایە لەنێو خەڵکی گشتیشدایە، ئەم جۆرە لەمێژوونووسی لە دەرەوە و ناوەوەی کۆمەڵگاوە مێژوو دروست دەکات( (Sharon Veale and Kathleen Schiling, 2004:1)

بەلای هەندێکی تریشەوە، مێژووی زارەکی میتۆدێکی تایبەتە لە چاوپێکەوتن، کە هەوڵێ کۆکردنەوەی داتا دەدات لە زاری تاکەکانەوە و زانیارییە داواکراوەکانی جیاوازن و ئەم رەهەندانە لە خۆ دەگرێت، ئەزمونە کەسییەکان، یادەوەری رووداوەکان، هەڵوێست وبەها وباوەڕەکان، بۆچون و تێروانینەکان، یان دەڵێین مێژووی زارەکی جۆرێکی نەوعی ودەگمەنە لە چاوپێکەوتن کە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 92-114
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەشێوەیەکی کراوە ئەنجام دەدرێت و گێرانەوەیەکی بە تەنسیقە، کە تیایدا چاوپێکەوتنکار ئاراستە کەرە و هەردولا بەشدار دەبن لە گێرانەوەکەدا و داتاکان لە ئاڵۆ وێرێکی هەرەوەزیدا بونیاد دەنرێن، کە توێژەر وگێرەرەوەش تێدا بەشدار دەبن، لە رووی میتودیشەوە دەیەوێت بگاتە ئەو فیکرە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە بارەی ژیانی تاکەوە لە ئارادوابوون و تەنها ناوەستێتە سەر گێرآنەوەی ئەزمونی ژیانیان، بەڵکو چۆن، بۆ وا ژیاون و ئەو بیرو بۆچون وئایدیانە چیّ بوون کە رەفتاری رۆژانەیان و هەڵسوکەوتیانی لە گەڵ ئەوانی تردا ئارستە دەکرد دەخاتە بەرباس )leavy,2011:9-10 ). هەر بۆیە ئەمجۆرە لە مێژوونووسین بەگشتی لەسەر دوو ئارستە کاردەکات ئەوانیش پرۆسەی چاوپێکەوتن و تۆمارکردنی بە مەبەستی دەرهێنانی زانیاری لێیان لە بارەی رابوردووەوە،هاوکات لەبەر ئەوەی توێژەر بۆخۆی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو چاوپێکەوتنەیە لە گێرانەوەی رووداوەکانی رابوردوو، بۆیە کارەکە لە ناوخندا هەردولایەنەکە دەگرێتەوە، واتا لە پاڵ وەرگرتنی زانیاریدا هاوکات میتۆدێکە لە توێژینەوەش (رێگایەک بۆ بەدواداچون )ولە هەمان کاتدا ئەنجامی توێژینەوەش بەیەکەوە، بە مانایەکی تر هەردووکییەتی پرۆسەی تۆماری زانیاری و هاوکات بەدواداچوون و تۆماری ئەنجامەکانیش، هەربۆیە دەکرێت بڵێین بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە گەواهییە کەسییەکان یان بریتییە لە کۆڵینەوە لە چیرۆکی ژیانی کەسەکان (Abrams,2010:2) .

لە راستێدا ئەمجۆرە چاوپێکەوتنە تەنها لە بواری مێژوودا سوودبەخش نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک پسپۆری تری وەکو ئیتنۆلۆجی ، ئەنترۆپۆلۆجی، سایکۆلۆجی، دەندروستی، سۆسیۆلۆجیشدا بەکاردێت هەروەها لە کۆمەڵێک بواری نا ئەکادیمیشدا بەکار دێت (Abrams,2010:2-3) ئەمەش وادەکات، هەندێک کەس ناوی تری بۆ بەکاردێنن، وەکو مێژووی ژیان، راپۆرتی خودی ، سەردی کەسی ، چیرۆکی ژیان، سیرەی زاتی زارەکی، یادەوەری تۆمارکراو و چاوپێکەوتنی قوڵ و ... هتد( Yow,2005,3-4)، هەر بۆیە پێویستە لایەنی مێژوویی بزانێت چۆن لەم نێوەندەدا خۆی جیا دەکاتەوە و مێژووی زارەکی چییە، واتا دەبێت بزانرێت کاری مێژوویی و سوودی مێژوویی ئەمجۆرە کارە کامەیە و میتۆدی کارکردن و گرنگییەکەی و هەنگاوەکانی چین، کە ئێمە هەوڵ دەدین لەم توێژینەوەیەدا روونیان بکەینەوە .

**دووەم : دەرکەوتنی مێژووی زارەکی**

لە راستێدا سوود وەرگرتن لە چاوپێکەوتن و گەواهییە زارەکییەکان لە تەواوی مێژوودا هەبووە ، کە هەر لە هیرۆدۆتسەوە ،لە بنەڕەتدا زۆرینەی مێژووەکان زارەکی بوون ودواتر نووسراونەوە(مجموعة مؤلفين ,2015 \ج1 : 13 ) ، بۆ نمونە تیوسیدیدیس پشتی بە گەواهییە زارەکییەکان بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر شەڕی پلیۆپۆنیس( Yow,2005,3) ، هەروەها مێژوونووسی لە شارستانی عەرەبیشدا لە گێرانەوە زارەکییەکانەوە دەرکەوتووە، کە تەنانەت لە قۆناغی دەرکەوتنی نووسینیشدا هەر پشت بە مێژووی زارەکی بەستراوە وچاوپێکەوتنەکان سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییەکان بوون (، مجموعة مؤلفين :13)، کەواتە روونە، کە هەر لە هۆمرۆسەوە تا ئینجیل و لەوێشەوە بۆ بیردۆزەی تەفکیکی نوێ، هەروەها لە تەپڵکوتانی ئەفریقییەوە تا گۆرانی گەلان تا ئەفسانەکانیان و تا دەگاتە شێوازی تایپی گۆتێنبێرگ و گەشکردنی تا دەرکەوتنی ئێزگە و رادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئێستادا ، پەیوەندی لە نێوان ئەم هەموو جۆرە جیاوازەی مەعریفەی مرۆیی هەیە کە لە چوارچێوەی هاوکێشەی زارەکی - نووسراودا دەرکەوتوون , بەمەش دەبینرێت کە بەربەرەکانێی نێوان زارەکی و نووسراو هەمیشە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا لە گەشەسەندندا بووە، بۆیە هەڵەیە ئەگەر ئەو دووبوارە ، واتا نووسراو و زارەکی لێکجیا بکرێنەوە، بەو بیانووەی یەکێکیان ئەویتر رەت دەکەنەوە ، چونکە پەیوەندییەکی داهێنەرانەی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە ، کە دوو رەهەندی هەیە ، یەکێکیان مێژوویی ، چونکە کۆمەڵگا نووسراوییەکان لە کۆمەڵگا زارەکییەکانەوە دەرکەوتوون ،ئەوی تریش هاوسەردەمی بوونیان و پێکەوەییانە، کە هەمیشە تەواوکەری یەکتر بوون. (اولسون ، تورانس , 2010 : 36, 46-47 ). هەربۆیە لە ئێستادا کێشەی نێوان ئەم دوو لایەنە ئەوەی تێپەڕاندووە مێژووی زارەکی کەی دەرکەوتووە وئامادەگی و بەکارهێنانی بە چ رادەیەکە لە نووسینی مێژوووییدا ، چونکە مێژووی زارەکی پێشتر وئێستاش پێویست و گرنگ بووە ،هەرچەندە قوتابخانەی وەزعی هەر لە رانکەی ئەڵمانییەوە تا سینیۆپۆسی فەرەنسی جەخت لە سەر گرنگی و ئەولەویەتی بەڵگەنامەی نووسراو دەکەنەوە بە رادەیەک، کە مەعریفەی مێژوویان بەمەوە بەستبۆوە (ئەگەر بەڵگەنامەیەک لە ناوچوو، واتا مێژوویەک لە ناوچوو)، کە ئەمە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و تا ئێستاش هەر دەگوترێتەوە و تا ئێستاش لە زۆر شوێندا جێی مشتومڕ ماوە ، بەڵام لەم ماوانەی دواییدا مێژووی زارەکی، وەکو پرسێکی مەعریفی و ئەکادیمی دەرکەوت، ئەویش زیاتر لە رۆژئاواوە دەستی پێکرد، تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە تەواوی دەرکەوت و تا دێت زیاتر لە مەیدانی مەعریفە و توێژینەوەی مێژوویدا خۆی دەسەلمێنێت، ئەوێش بەو پرسانەوە، ئایا ( کێ مێژوو دەنووسێتەوە، چۆن دەینووسێتەوە، ئەی بۆ ئەوانەی مێژووی نووسراویان نییە چی، واتا ئەوانی ئاوارەبوون ستەم دیدەکان، پشتگوێخراوەکان و ئەوانەی بەرگریان دەکرد چۆن مێژوویان بنووسرێتەوە). لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە ئەورووپا وئەمریکا، کە بەشێکی ئێجگار زۆری وردەکاری رووداوەکانی ئەم بابەتانە لە دەقە نووسراوەکاندا نەبوون، هاندەر بوون بۆ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەوەی، لەوێ بەدواوە دەستبکرێت بە کۆکردنەوەی گەواهییە زارەکییەکان لەوکەسانەی هاوسەردەم و بەشداری جەنگەکان بوون، یان بەشدار بوون لە جەنگەکان ، ئیدی کارەساتەکانی ،گاڵتەجاڕییەکانی ، ئەشکەنجەکانی، پاڵەوانەکانی وچیرۆکە جیاوازەکانی ،ئەم ڕووداونە کۆکرانەوە و ئەرشیڤکران و کران بە بەڵگە بۆ ئەوەی مێژوونووسەکانی دواتر سوودیان لێبببینن، یان زۆربەیان هەر ئەوکات کران بە کتێب ورۆمان وچیرۆک وفیلم. لە بەشیک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش لە پەنجاکان وشەستەکانی سەدەی رابوردوەوە گەواهیدانە زارەکییەکان چوونە نێو کاری ڕاگەیاندن و ئەرشیف و نووسینەوەی مێژووەوە، هاوکات لە گەڵ بەرگرییەکانی جوڵە رزگاریخوازەکاندا، ئیدی گەواهییە زارەکییەکان بوون بە بەشیک لە یادەوەری گشتی و شوناسی نەتەوەیی لە دژی تواندنەوە وریشەکێشکرن وئازار وئەشکەنجەکان، بەڵام لە حەفتاکان بەدوواوە، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا، ئیدی وردە وردە مێژووی زارەکی پەلی هاویشتە نێو مەعریفەی مێژوویی و بووبە بەشێکی گرنگی زانیارییەکانی و سەرجاوەکانی مێژووی زارەکی ،وەکو یەکێک لەسەرچاوەکانی تری تەواوکاری سەرچاوە مێژووییەکان دانی پێدا نرا ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی قوتابخانەی نوێی مێژوو ، کە ئەنالییەکان بوون نووسینەوەی مێژووییان بەرووی زانستە مرۆییەکانی تردا واڵا کرد، وەکو ئیتنۆلۆجیا ودەرون شیکار و کۆمەڵناسی و چەندینی تر ، ئیدی مێژووی زارەکی و لە ژێر کاریگەری میتۆدی ئیتنۆلۆجی بونیادیدا چوە نێو لێکۆڵینەوە لە لادی و جوتیار وکرێکار وناوچە پشتگوێخراوەکانی شار و کەم ئەندامان و منداڵان وژنان ورەشپێست وکوچبەر و...هتد ، لێرەو زانستێکی نوێ بە ناوی ئینۆ- مێژوو دەرکەوت کە لە ئاوێتەکردنی هەردوو میتۆدەکە پێکدەهات بۆ لێکۆڵینەوە لە شوناس ویادەوەری گروپە جیاجیاکان و کەرەستە مەعریفییەکەشیان بریتی بوو لە مێژووی زارەکی ، بەو پێیەی باشترین کەرەستە بوو کە لە ڕێگایەوە کپکراوەکان ویاساغکراوەکان وپشتگوێخراوەکان وهزرە ڕێپێنەدراوەکان گوزارشت لە خۆیان بکەن، لە لایەکی ترەوە، بەو پێەی، کە مێژوو زۆرجار هاوکارە وەکو پردی نێوان زانست و بوارە مەعریفییەکان، بۆیە لەو ماوانەدا پانتاییەکەی فراونتر بوو و وای لێهات هەندێک لقی بەشێک لە زانستەکانی تر ناونیشانەکانیان لە مێژووەوە وەبگرن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو تا ئەو رادەیەی کە پیاژێ دەروونناس ناسناوی زانستە مێژووییەکان لەو زانستانە بنێت کە چوارچێوەیەکی زەمەنی لە خۆدەگرن لە بابەتەکانیاندا، هەربۆیە لەوێوە مێژوو خۆی خزاندە نێو ئیپسمۆلۆجیای هەندێک لە زانستەکانەوە و لە هەندێک لە پسپۆرییە ئەکادیمییەکاندا کە مێژوو ڕۆڵی تێدا دەبینێت، یان وەکو پاشخانێک دەبێت بۆ لێکدانەوەکانیان بۆ دیاردکان، یان پردی پەڕینەوە دەبێت لە بوارێک بۆ بوارێکی تری زانستی یان مەعریفی، ناوی هەندێک لە لقەکانیان ئاوێتەی مێژوو دەرکەوت، وەکو کۆمەڵناسی مێژوویی، مێژووی کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆجیایی مێژوویی و ...هتد ، لەبەر ئەوەی زۆرجار مێژووی نوێش خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە دەدا لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی فیکر و عەقڵ وەکو مێژووی خۆشەویستی و مردن و سۆز و مێژووی زیندانی و شێتی و نەخۆشی و ژینگە و ئاووهەوا و ...هتد، بۆیە بابەتەکە زیاتر بە ئاقاری سوود وەرگرتن لە گەواهییە زارەکییەکان سەریکێشا، ئەمانە جگە لەوی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە لە کاتێکدا کە زانستەکان بە هۆی پێشهاتە نوێیەکان و گۆڕانکارییەکانەوە ڕووبەڕووی کێشەو بەربەست هاتن و قەیرانێک بۆ میتۆدی کارکردنیان و بابتی ئیپستمۆلۆجییان هاتە پێش، مێژووش بە هەمان شێوە دوای گۆڕانکارییەکان ئیدی نەدەکرا تەنها پشت بە بەڵگەنامە ببەستێت ئیدی لە سییەکان بەدواوە کەرەستەی تریش هاتنە ناو بوارەکەوە وەکو وێنە و گوزارشتە هونەری و ئەدەبییەکان و هەروەها گەواهییە زارەکییەکان، بە تایبەت لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم بەملاوە، بۆیە هەرچەندە وەکو باسکرا گەواهییە زارەکییەکان کەرەستەیەکی کۆنن، ئەگەر یەکەم نەبن لە گەیاندنی بابەتەکان و نووسینی مێژوودا، بەڵام ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە کە گرنگی پشت بەستن بە گەواهییە زارەکییەکان وەکو کەرەستەیەک لە توێژینەوە و نووسینەوە نوێی و هاوچەرخەکان خۆی لە پێشهاتە فیکری و زەینی و مەعریفییەکاندا دەبینێتەوە، هاوکات خۆی لە مافە یاسایی و سیاسی و مرۆییەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە ، کە هوشیاری نوێی مرۆڤ بە مێژوو و مانای مێژوو هەستی پێکردووە، بەڵکو ئامادەگییە مەعریفییە نوێییەکان هەستی پێکرد ، کە بەدوای ئەمباری سۆز و یادەوەری و تواناکانی مرۆڤدا وێڵە هەروەها مەترسی ئەگەری لە ناوچوون و پشتگوێخستن و لە ناوبردن ، ئەم هەستەی زیاترکرد، چونکە زۆر بوار هەیە نووسین لە بارەیانەوە نادوێت لەوانە بیرەوەری خەفەکراوەکان جا تاک یان کۆ، بیرەوەری شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕە پشتگوێخراوەکان، بیرەوەری ئەشکەنجەدراو ژێردەستەخراو لە شەڕە ناوخۆیی و ئیستیعماری و سەردەمی ستەمکارییەکان ، بیرەوەری پەراوێزکەوتووەکان، دەرکراو، زیندانی ئەوانی تاراوگە ، کۆچبەرەکان، بیرەوەری ئەو گەلانەی کە بە زارەکی مێژوویان دەگێڕنەوە و تۆماریان نییە (مجموعة مؤلفين , 2015 \ج1 : 14-21 ).

بەمجۆرەش لە ئاکامی هەموو ئەو پێشهاتانەدا کە ئاماژەیان پێدرا، ئیدی مێژووی زارەکی وەکە پێویستییەکی مەعریفی و ئەکادیمی تا دەهات زیاتر خۆی دەسەلماند ، ئەوە بوو نووسینەوەی مێژووی زارەکی پەراوێزخراوەکان لە قوتابخانەی شیکاگۆ لە ١٩١٠-١٩٣٠ وەکو کاری زانستی لە ڕێگای چاوپێکەوتنی زارەکییەوە دەرکەوت، کە ئەم قوتابخانەیە ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەم توێژینەوەی مەیدانی ومێژووی کۆمەڵایەتی کردەوە و دواجار بوو هۆکاری دەرکەوتنی زاراوەی مرۆڤی پەراوێزی (مجموعة مؤلفين , 2015 \ج2 : 94,97 )، دواتریش لە چلەکانەوە لە ئەمریکا وبریتانیا وتایبەت وڵاتانی ئیسکەندەناڤیا دەستیان بە کۆکردنەوەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مێژووی زارەکی کرد (Abrams,2010 :4). لە ١٩٤٥ دا لە نیۆرک لە زانکۆی کۆلۆمبیا نووسینگەی توێژینەوەی مێژووی زارەکی دامەزرا، بە مەبەستی چاوپێکەوتن لە گەڵ دەستەبژێرەکانی ئەمریکا ئەوانەی ڕۆڵیان بووە لە بونیادنانی شارەکەدا و گەشەپێدانی کە دواتر گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی تریش (ئەرشیف لمجموعة مؤلفين , 2015 :130 )، دوای ئەوەش لە پەنجاکان وشەستەکاندا ئەم بوارە زیاتر پێشکەوت و پەلی کێشا بۆ تۆمارکردنی یادەوەری کەسانی خوارەوە، کە ئەمانە گرنگ بوون بۆ دەرکەوتنی بناغەی مێژووی زارەکی، لە ١٩٦٠ بەدواوە ئیتر مێژووی زارەکی بەتەواوی وەکو کایەیەکی پێشکەوتو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر رابوردو دەرکەوت (Abrams,2010 : 8؛ تورانس , 2010: 41 )، بە تایبەتی دوای پێشکەوتنی ئامێرەکانی تۆمارکردنی دەنگ لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە و دەرکەوتی ئامێر و کاسێت کە بە ئاسانی دەگوازرانەوە ،کە ئەمە تەکانێکی زۆر گەورەی بە هەنگاوەکانی پێشکەوتن و کامڵبوونی ئەمجۆرە مێژوونووسییە دا ، ئەوە بوو ، لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە نزیکەی ٨٩ پرۆژەی مێژویی زارەکی لە ئەمریاکا دەرکەوتن و تا دەهات لە زۆر بووندا بوو(Yow,2005,2-4) .

لە ١٩٧٠ دا مۆزەخانەی گەواهییە زارەکییکان دامەزرا، لە ١٩٧٣ گۆڤاری تایبەت بەمجۆرە مێژوونووسییە دامەزرا، لە ١٩٨٧ کۆمەڵەی مێژووی زارەکی لە بریتانیا دامەزرا دواتریش لە وڵاتانی تر پەرەی سەند (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1:248-249 )، لە دوای ئەمانەشەوە ئەم بوارە ، تا دەهات لە پێشکەوتندا بوو تا ئەو رادەیەی ئێستا لە بەشکی زۆری زانکۆکانی رۆژئاوا وەکو بەشێکی تایبەتی مێژوو و بوارێکی تایبەتی مێژوونووسی لە گەشەی بەردەوامدایە و لە چەندین وڵاتی جیهانیشدا، تەنانەت لە رۆژهەڵاتیش ئەرشیڤخانە و کتێبخانەی تایبەت بەم بوارە هەن .

**سێیەم : گرنگی مێژووی زارەکی**

هەروەکو لە باسەکانی پێشودا روون بۆوە، مێژووی زارەکی یەکێکە لەو کایانەی، کە هەر لە سەرەتاوە نووسینەوەی مێژوو پشتی پێ بەستووە، هەر لە مێژووی کۆنەوە تا ناوەڕاست و نوێ، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگییەکەی بە ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە ،ئەمجۆرە مێژوونووسینە ئەگەرچی تا ئێستاش، لەلایەن هەندێك لە پسپۆڕانی بواری مێژووییەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت و شەرعیەتی پێ نادەن بەو بیانوەی، کە گەواهی زارەکی بۆ لێکۆڵینەوە ئەنتروپۆلۆجی و فۆلکلۆرییەکان بەسوودە و ناتوانێت بایەخی بەڵگە نووسراوەکانی ببێت بۆ مێژوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئەمجۆرە کارە زیاتر تەکنیك و میتۆدی ئەنروپۆلۆجیا و فۆلکلۆر دەگرێتەبەر، کەچی ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، کە زۆرجار مێژووی بەڵگەنامەیی ناتوانێت بیپێکێت (فرو، 2013، 280- 281)، بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی لایەنگرانی مێژووی نوێ وەك پێشتر باسکرا، کە ئەوان ویستی فرەکردن وفراوان کردنی بوارەکانی مێژوویان هەبوو، بۆیە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤیان بەلاوە مێژووبوو، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە مەبەستیان تێکەڵکردنی مێژوو بە زانستەکانی تر و دامەزراندنی میتۆدی تەواوکاریی بوو ، کە دواجار ئەمجۆرە کارە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیدا زۆر سوودی لە گەواهییە زارەکییەکان دەبینی، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەوان زۆر پشتیان بە ئەنترۆپۆلۆجیا و دەرون شیکاری و سۆسیۆلۆجیا دەبەست، هەر لێرەشەوە ئەم شێوازە زارەکییەی مێژوونووسین, بوو بە ئامرازی لێکۆڵینەوە لە ژانی گوند و کرێکار و جوتیار و ناوچە پەراوێزەکان و منداڵ و ژن و ..هتد و بەمەش شێوازی (Etno- histoire) دەرکەوت، کە زیاتر پشتی بە مێژووی زارەکی دەبەست .

ڕاستییەکەی هیچ کات ناتوانرێت نکۆڵی لەو رۆڵە بکرێت کە مێژووی زارەکی لە وەڵامدانەوەی قوڵی لە بارەی ژیان و گەواهیە ڕۆژانەکاندا هەیەتی، کە تیایدا گەواهی زارەکی و یادەوەری زیندووی راستەوخۆ، رۆڵ لە دیاریکردنی رووداوەکانی و پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە سەرچاوە نووسراوەکاندا دەکەوێتەوە دەبینێت، رۆڵی دەبێت لە دووبارە بونیادنانەوەی دەقە مێژووییەکان بە شێوەیەکی زانستی و یادەوەری لە لەناوچوون دەپارێزێت ورابوردو دەگۆڕی بۆ مێژووییەک کە لە ژێر چاودێری و بەدواداچون و لێپرسینەوەدا بێت (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 :136 )

لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر جار گەواهییە زارەکییەکان زۆر لە نووسراوەکان گرنگترن، چونکە زۆر جار نووسراوەکان کەلین وکەم کورتیان دەبێت و تەناسقی تێدا نابێت وپچڕپچڕن، بەڵام زارەکی زۆربەی جار رووداوەکان لە سیاقێکی روونی هاوجومگەییدا باس دەکات، کە زۆر جار عەفەوی وگشتگیر دەبێت و هۆکار دەبێت بۆ تێگەیشتن لە رابوردو بە شێوەیەکی گشتی، واتا ئەم کارە بەتەواوی هەوڵی پرکردنەوەی ئەو کەلێنە دەدات کە بە درێژایی نووسینەوەی مێژوو نەتواندراوە بە بەڵگەنامە و کەرەستە نووسراوەکان پڕ بکرێتەوە، ئەویش تێگەیشتنە لە تەواوی وردەکاری مێژوو لە ژیانی رۆژانەوە بگرە تا دەگاتە ژیانی سیاسی و رووداوەکان، تێگەیشتن لە واقعی مێژووی و خەیاڵدانی مێژووی لەو کاتەدا، تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی تاک و هەروەها کۆمەڵ لەو کاتدا، زانینی سەربوردەی ژیانی تەواوی چین و توێژەکان و پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە لایەکی تریشەوە تۆمارەکانی مێژووی زارەکی هاوکاری گوێگر دەبن، بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی مامەڵە کردنی تاک لە گەڵ بۆچوونە جیاوازەکان تێبگات ویستگە جیاوازەکانی ژیانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، هەر لە ژیانی رۆژانەیانەوە، واتا لە ژیانی سادە و رۆتینەوە تا دەگاتە کارەسات و رووداوەکانی بینیویانە و بیستویانە و تێدا بەشدار بوون بناسێت،ئەمە جگە لەوەی، کە پاراستنی ئەم تۆمارانەش وا دەکەن شایەتی ئێستا بچێتە نێو داهاتووەوە وبتوانێت رێنوێنی و ئاراستەی نەوەکانی داهاتوو بکات. کە ئەمیش راستەوخۆ پەیوەندی بەو پێشکەوتنەوە هەیە بەسەر ئامێرەکانی تۆمار و پاراستندا هاتوون، کە ئەم بوارەیان کاراکرد لەوەی بتوانێت ئەم وردەکارییانە بە شێوەی دەنگ و رەنگ تۆمار بکرێت و بپارێزێت .

لایەنێکی تر کە لەم جۆرە مێژوونووسییەدا گرنگە ئەوەیە، کە گەواهییە زارەکییەکان تەنها بریتی نین لە گێڕانەوەیەکی وشک و بێ رۆح ، وەکو ئەوەی لە دەقە نووسراوەکاندا هەیە ، بەڵکو لێرەدا هەست و شعور و زمانی جەستەو لایەنی سایکۆلۆجی و شێوەی ئاخاوتنیش بواری زیاتر بۆ توێژەر دەرەخسێنن بۆ خوێندنەوە و راڤەکردن و لێکدانەوەی زیاتر بۆ گەیشتن بە راستییەکان وئەنجامەکان (مجموعة مؤلفين , 2015 \ج1: 165 )، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ،کە لە مێژوونووسی زارەکیدا، لە پرۆسەکە دوو کەسی دەدوێن، یەکێکیان پرسیاردەکات و ئەوی تر وەڵام دەداتەوە، لێرەدا دوو هێزی سەبجێکتڤتی هەن کە وا لە گفتوگۆکاران دەکات تەنها نەپرسن چی روویدا ، بەڵکوئەوانەش بێنە ئاراوە، چۆن رووی دا و تۆ چۆن لێی دەڕوانیت و هەستت چییە بەرامبەر بە رووداوەکە ، لە لایەکی تریشەوە هاوبەشی لە بونیادنان دێتە ئاراوە ، کە وا لە هەواڵدەرەکان دەکات شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئەزمونە کەسییەکانی خۆیان بکەن ، لە رێگای تێروانین و دەربڕینە تایبەتەکانی خۆیانەوە، واتا لێرەدا تەنها ئەو کەسەی کە لە رووداوەکەدا بەشدار بووە نادوێت ، وەکو لە دەقە نووسراوەکاندا هەیە ، بەڵکو مێژوونووسیش دەبێت بە بەشێک لە بەڵگەنامەکە یان کەرەستە مێژووییەکە و لێرەدا زانیارییەکان وەکو ئەوەی ئەو دەیەوێت دێتە بەردەست و لە میانەی کارەکەشدا بە دواداچوون و راسکردنەوە و لێکدانەوە و هەندێکجار هەلاوێرکردنیش دەبێت ، هەروەکو باسکرا لێرەدا هەم کۆکردنەوەی زانیاری هەیە هەمیش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کە ئەمە لە دەقە نووسراوەکاندا نابێت( Baylor University ,?:2 )،

هەربۆیە جاک لۆگۆف دەڵێت دووجۆر مێژوو هەیە، یەکەم، مێژووی بیرەوەری گشتی . دووەم، مێژووی مێژوونووسان. بیرەوەری گشتیش زۆربەی جار بریتییە لە بیرەوەری زارەکی و بیرەوەری ژیان ، کە زۆرجاریش بە شێوەی کۆ دەبێت . کەواتە ئەمە، جیاوازییەکی گرنگی ئەمجۆرە مێژوونووسییە لە گەڵ مێژوونووسی کلاسیکیدا، کە ئەم زیاتر پشت بە گەواهییە زارەکییەکان دەبەستێت ،واتا لە گەڵ سەرچاوەیەکی زیندوودا کارلێک دەکات، بۆیە سەرچاوەی زارەکی سەرچاوەیەکی راوێژکراوە لە لایەن مێژوونووسەوە کە مێژوونووس خۆی رۆڵی دەبێت لە بونیادنانی سەرچاوەدا ،واتە توێژەر خۆی بەرهەمهێنەرە، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی لە گەڵ سەرچاوەکەدا هەیە .هەربۆیە شاول بینیسون لەو کارەیدا کە بە زارەکی لەسەر زانای ڤایرۆسناسی تۆم رێفیرز ئەنجامی داوە دەڵێت : ئەو یادەوەرییانەی لە ئەنجامی ئەم کارەدا دەست دەکەون ( مێژووی زارەکی ) جۆرێکی نوێیە لە بەڵگەنامەی مێژوویی، لە گەڵ ئەوەشدا کە لە داهێنانی یەکێکە لە بەشداربووانی رووداوەکانی رابوردوو هاوکات لە داهێنانی مێژوونووسی چاوپێکەوتنکاریشە، کە بەشێوەیەکی کردەیی و ئەکادیمی ئەو کێشەو پەیوەندی مێژووییانەی دەستنیشانکردووە، کە دەبێت لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکات، واتا بۆچوونێک دەرەنجامی ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان ،بەر لەوەی ببێتە بۆچوونێکی کلاسیک بە تێپەڕبوونی کات .بەو مانایەی ئەوان لە مێژووی زارەکیدا گێڕانەوەکان دەخەنە سیاقێکی مێژوویی و ئەو هەڵانە دیاریدەکەن کە گێرەرەوەکان لە کاتی گێڕانەوەدا تێیدەکەون و چاوپێکەوتنەکان دەخەنە چوارچێوەیەکی راڤەیی دیاریکراو، بەڵام چوارچێوەیەک کە جەخت لەسەر بەشداری ئەوان لە بابەتەکە و بۆچونەکانیان لە مەڕ بابەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکاتەوە (٣٢مجموعة مؤلفين ,2015\ج1: 28-32 )، چونکە وەکو باسکرا چاوپێکەوتنی مێژووی زارەکی کەرەستەیەکی زۆر باشە بۆ چونە قوڵایی ئەو روداوانەوە بە راستەوخۆییش، بۆیە کاتێک مێژووی زارەکی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت ئەوا داتاکان بە زیندوویی لە زار و بیرەوەری ئەو کەسانە وەردەگیرێت کە بەشداری رووداوەکان رووداوەکە بوون (patricia leavy,2011:32).

لەلایەکی ترەوە ئەمجۆرە مێژوونووسییە هاوکار دەبێت لە ناسینی تاک وکۆمەڵگای پێشوو، چۆن ژیاون هاوکات بۆمان روون دەکاتەوە چی گۆڕاوە و چی وەکو خۆی ماوە هەروەها وێنەیەکی روون و دروست و بیرەوەرییەکانی رابوردوو بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزێت لە بارەی ئێستاوە ، چونکە هەمیشە نەوەی داهاتوو لە روانگەی ئەزمون سەردەمی خۆیانەوە دەڕواننە نەوەی ئێستا وحوکمی لەسەر دەدەن ، چیرۆکەکانی رابوردوو بەردەوام لە ژێر تیشکی لێکدانەوە نوێیەکاندا پێداچونەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام مێژووی زارەکی وا دەکات تاکەکان بەشداری چیرۆکەکەی خۆیان بن لە زاری خۆیانەوە و بە وشەکانی خۆیان و بەدەنگی خۆیان و لە روانگەی تێگەیشتی خۆیانەوە لێکدانەوە بۆ ئەوەی روویدا بکەن، بۆیە لە رێگای پاراستنی وریاییانەی تۆماری دەنگ و رەنگەکانەوە، ئیدی ئەم دەنگانە لە بری ئەوان دەدوێن کە خۆیان نەمان، بەمەش مێژووی زارەکی هاوکاری مێژوونووسی داهاتوو

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
ص: 92-114
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەبێت دووربێت لە گشتاندن و لایەنگیری و پشتگوێخستنی هەندێک بابەت هەروەها دووربێت لە لێکدانەوە بۆ رابوردوو بە پێی پێوەرو پێودانگە نوێیەکان (Baylor University,?:2) .

بە دیوێکی تردا مێژووی زارەکی جیاواز لە دەقە نووسراوەکان، رێگایەکی گونجاوە بۆ گەیشتن بە ئەزمونی کەسی ئەو کەسانەی ،کە لە رووداوەکەدا بەشدار بوون یان بینیویانە ، تێگەیشتن لە ئەزمونی کەسی لە هەنوکەدا و رووداوە نزیکەکاندا، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هاوکار دەبێت لەوەی بیربکەنەوە ویادەوەریان بوروژێنن وبتوانن چیرۆکەکانیان بگێرنەوە، چونکە بواریان پێدەدات بە ئاشکرا وبێ سانسۆر چیرۆکەکانیان بگێرنەوە، بواری پێدەدات بۆ بیرکردنەوە وتێرامان و بونیادنانەوە، واتا کەسی چاوپێکەوتنکار رۆڵی گەورەی دەبێت لە وروژاندی یادەوری و وەبیرهێنانەوە لە رێگای زانیاری و ئەزمونەکانی خۆیەوە لە بارەی رووداوەکەوە ، لێرەشەوە تێگەیشتن لە ئەزمونی کەسەکان لە سەردەمە مێژوویەکان، یان ماوەکانی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم دەبێت ، واتا زانینی ئەزمونی کەسەکان لە قۆناغە مێژووییەکاندا و تێگەیشتن لە کاریگەی گۆرانکاریە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکان، هەر بۆیە مێژووی زارەکی رێگایەکی زۆر باشە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزمونە کەسییەکان لە بۆتەی وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، چونکە ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەزمونە کەسییەکان دەکات بەپێی ماوە وسەردەمە مێژووییەکان هەروەها لە رێگای زارەوە مێژووی ژیاننامەی کەسی دەخاتە چوارچێوەی کەلتوری گەورەتر و فراوانتر و پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوانیان دروست دەکات( leavy,2011:22-23) ، کەواتە مێژووی زارەکی مێژووی رۆژانە دەخاتەڕوو ودواتریش یادەوەری کۆمەڵگا دەخاتەڕوو و قسە لە سەر وردەکاری ژیانی تاک وخێزان وگروپ وتوێژەکان دەکات هەروەها رۆڵی هەیە لە تێگەیشتن لە تاک وخودی مرۆڤ لە ناخەوە وگوزارشتکردن لە هەست وشعور ولایەنی سایکۆلۆجی ئەوان، کە زۆربەی جار دەقە نووسراوەکان ئەمە بە کاری خۆیان نازانن و هەمیشە کەلێنی گەورەی مێژووی نووسراو و دەق و بەڵگەنامە نووسراوەکان بووە ، کە نەیانتوانیوە وردەکاری ژیان و یادەوەری گشتی قۆناغە مێژووییەکان بپارێزن هەروەها ئەمجۆرە مێژوونووسییە وا دەکات گەواهیدەرەکە ئەوەی هەیە بیڵێت لە نهێنییەکانی و پەردە لەسەر ئەو راستینە هەڵماڵێت کە مێژووی نووسراو دەیەوێت بیشارێتەوە (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 168-174).

ئەمانە لە پاڵ ئەوەدا، کە زانیارییەکانی مێژووی زارەکی تا رادەیەک نوێن وکاتیکی زۆریان بەسەردا تێنەپەریوە و کات کاری تێنەکردووە، ئەوە گێرانەوەیەکی هەنوکەیی یان نزیک لە کاتی رووداوەکەیە کە گێرەرەوە بۆ خۆی بینیویەتی یان لەوانەوە بیستویەتی کە بینیویانە، بۆیە توێژەر دەتوانێت راستەوخۆ سوود لەو ئینتباعە گشتییە وەربگرێت کە رووداوەکە لای گێریرەوە دایناوە وبگاتە ئەنجامی زانستی تر (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 168-174)

لایەنێکی تری ئەم مێژوونووسییە ئەوەیە، کە مێژوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەخوێنێتەوە، واتا دیموکراتیزەکردنی مێژوو لە رێگای گەڕاندنەوەی بۆ گەل ،کە ئەم مێژووە دوو ئەرکی سەرەکی هەیە ،یەکەمیان پاراستنی گەواهییە زارەکییەکان ، دووەمیش دووبارە بونیادنانەوەی مێژوو لە خوارەوە ،کە زیاتر میتۆدێکی شۆرشگێرانە بوو لە بەرامبەر مێژووی کلاسیکی (مجموعة مؤلفين ,2015\ج2: Thompson, 2000:190, 250 )، لەم مێژوونوسییەدا دەیانەوێت گوێیان لەو دەنگانە بێت ،کە هەڵیان پێنەدراوە بدوێن و دەیانەوێت گوێیان بۆ بگیرێت وبیگەیەنن بە فەزای گشتی، ئەویش بە دوو هۆکار ،یەکەمیان ئەوەی ئەوان دەیانکرد بە هیچ جۆرێک نەدەچونە نێو نووسینەکانەوە و ئەگەری لە ناوچوونی تا هەتایی هەبوو ئەگەر تۆمار نەکرابا هەروەها بۆ فراوانکردنی بازنەی ئەوانەی چالاکی دەکەن لە کۆمەڵگا و بەشێکن لە وردەکارییەکانی مێژوو ، ئەویش بە گوێگرتن بۆ ئەوەی هەیانە کە ئەمەش دیموکراتییەتە . تۆمبسون، کە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەم بوارە کاری کردووە، لەو کتێبەیدا، کە بە ناونیشانی (دەنگی رابوردو )ە ، دەڵێت مەبەستم ئەوە بوو بزانم مانای چییە لەو کاتەدا منداڵ بوون یان باوکبوون، لاوان چۆن یەکتریان دەبینی ، موغازەلەی یەکتریان دەکرد و چۆن دەیانڕوانییە بەرێوەبەر و هاورێکانیان، چۆن دەژیان و هەستیان بە چی دەکرد لە دەرەوەی کارەکانیان و چۆن هوشیاری چینایەتی جیاواز بوو لە نێوان دانیشتوانی شار و لادێ و بە پێی پیشەکان، کە نەدەکرا وەڵامی هیچ یەکێک لەم پرسیارانەم لەسەرچاوە کلاسیکییەکانی مێژوو دەستکەوتبا.( مجموعة مؤلفين , 2015 \ج1: 113-114)

جگە لەو گرنگیانەی باسکران هاوکات هەندێک جار چاوپێکەوتن تاکە سەرچاوە دەبێت بۆ بابەتێک ( Baylor University,?:2) ، ئەمە جگە لەوەی مێژووی زارەکی دەتوانێت بواری نوێ سەرباری نوسینەوەی مێژوویی بکات، لەوانە سەربارکردنی هەندێک بەڵگە کە لەنووسراوەکاندا نین، هێنانە پێشەوەی ئەو دەنگانەی پێشتر پەراوێز وپشت گوێ خرابوون و بەشێکی گرنگی رووداوەکەشن هەروەها بە کارهێنانی زمانە پەراوێزی و میللییەکان لە بەڵگەنامەی زانستی هاوکات هێنانە ئارای دەقی نوێی نەبیستراو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

له مانەش گرنگتر گرنگی ئەم مێژوونووسییەیە لە رووی ئەکادیمییەوە ،چونکە کاتێک مێژوونووسی بەم ئاقارەدا دەڕوات ئەوا مێژوونووسی ئەکادیمی لە زانکۆکاندا بازدانێکی گەورەدەکات لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەو و بەرووی بابەت و میتۆدی نوێی کارکردندا دەکرێتەوە و سەرچاوەکانی زۆرتر و هەمەڕەنگتری دەبێت، کە ئەمیش پێویستی بە ئەرشیفی زارەکی و تێگەشتن لە مێژووی زارەکی هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەم هەنگاوە پێویستی بە میتۆدی نوێی کارکردنە هاوکات ئەوە دەخوازێت کە توێژەری مێژوویی مامەڵەی فیعلی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و سوودوەرگرتن لە میتۆدەکانی تری پسپۆڕییەکانی تر وەربگرێت لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان هاوکات دەبێت ئاگاداری پاراستنی پێوەر و بنما و میتۆدەکانی نوسینەوەی مێژوویی بێت، هەربۆیە ئەم مێژوونووسییە هۆکار دەبێت بۆ دەرکەوتنی مێژوونووسی بە ئاگا وپیشەوەر وقوڵ و ئەکادیمی، کە پشت بە میتۆد ببەستێت لە کارکردندا. هەرچەندە بەدڵنیاییەوە پیادەکردنی ئەمە لە واقعدا بەرادەیەکی زۆر قورسە، بەڵام ئیدی بۆتە پێویستییەک و پێویستە بۆ دوانەکەوتن لە میتۆد و شێوازی نووسینەوەی جیهان دەست پێبکرێت (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 168-174 ).

**چوارەم : ئەو رەخنانەی لە مێژووی زارەکی دەگیرێن**

هەرچەندە مێژووی زارەکی ئێستا یەکێک لە میتۆدەکانی نووسینەوەی مێژوو و لە بەشی زۆری وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێت و سەرەڕای ئەو گرنگیانەی کە باسکران، کەچی تا ئێستاش لە لایەن هەندێک لە مێژوونووسانەوە، رەخنەی لێدەگیری و زۆر دان بەمجۆرە کارەدا نانرێت .

بەشێوەیەکی گشتی گرفتێکی ئەم کارە ، کە زۆر جێی مشتومڕە, ئەوەیە ئایا تەنها بە بەکار هێنانی تۆماری دەنگی کارەکە دەکرێت؟ یان پێویستە پشت بە نووسینیش ببەسترێت؟، کە هەندێك لە ڕەخنەکان پێیان وایە تۆمارکردنی ئەو برە زۆرە لە تۆماری دەنگی بەنووسین کارێکی قورس دەبێت ،بۆیە یەکێك لە مێژوونووسە ئەمریکییەکانی بواری مێژووی زارەکی دەڵێت: مێژوونووس دەتوانێت لە ڕێگای تۆماری دەنگییەوە مانای وردی وشەکان تێبگات، ئەویش لە شێوازی دەربڕین و نەزمی دەنگ، لە هەمان کاتیشدا بە تۆمارو نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکە کاری تۆمارکردن ئاسانتر دەکات، واتا دەتوانرێت پشت بە هەردوو شێوازێك ببەستێت (فرو، 2013، 282- 283).

لە لایەکی ترەوە هەندێ باس لە چەند گرفتێکی تری ئەمجۆرە مێژوونووسییە دەکەن لەوانە، نەبوونی مەودایەکی کاتی گونجاو لە نێوان رووداوەکەو گێڕانەوەکە، کە ئەمە وادەکات توێژەر بواری گونجاوی نەبێت بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی رووداوەکە، چونکە مێژووی زارەکی زۆرجار مێژوویەک بەرجەستە دەکات، کە هێشا تەواو نەبووە، ئەمەش وادەکات مێژوونووس نەتوانێت بە بیینێکی تەواو بابەتیانەوە رووداوەکە بونیات بنێت هەروەها زۆرجار وادەکات بەوەڕا نەگات سەرچاوەی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە وردی لە بابەتەکە تێبگات، هاوکات زۆرجار لە بەر ئەوەی هێشتا مێژووەکە تەواو نەبووە گێڕەرەوە دەکەوێتە ژێر باری کۆمەڵێک فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە رێگر دەبن لە درکاندنی راستییەکان وەکو خۆیان .
جگە لەوەی ئاماژە بەوەدەکەن، کە دووجۆر لە گەواهی هەن ، هەندێکیان لە لایەن گەورە سیاسییەکانەوەیە، کە رۆڵیان بووە لە رەوتی رووداوەکان ، دەستڕۆیشتوون و کۆنترۆڵی سیاسەتیان کردووە، کە ئەمانە کلیلی نهێنییەکانیان لە دەستدایە و رەنگە لە بەر پێگە و دۆخەکەیان بە تەواوی نهێنییەکان نە درکێنن . ئەوی تریش چینی گشتییە، کە تەنها یادەوەی فەردی خۆیان دەزانن و ئاگاداری نهێنییە سیاسییەکان نین ( مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 184-185) .

یەکێکی تر لەو رەخنانەی لەم جۆرە مێژوونووسییە گیراوە ئەوەیە، کە پشت بە یادەوەری دەبەستێت، یادەوەریش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لە ژێر باری چەندین هۆکاردایە ، کە سەرجەمیان کار دەکەنە سەر بابەتی بوونی گێڕەرەوە، لەوانە دووری ونزیکی زەمەنی لە رووەداوەکە، واتا تا مەودای گێڕانەوکە دوورتر بێت لە کاتی رووداوەکەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کەمتر یادەوەری گێڕەرەوەکە هاوکاربێت، لە وەبیرهێنانەوەی وردەکارییەکان هەروەها کێشەی تێکەڵکردنی یادەوەری تاکەکەسی بە یادەوەری کۆمەڵەوە ، چونکە کەسی وا هەیە بارگاوی دەبێت بە خۆیی بوون وئینتیباعات وئینفیعالات، لە بەر ئەوەی ئەو وا خەریکە هەڵوێستی مرۆڤەکان بەرامبەر بە رووداوێکی سیاسی وپرسگەڵێکی کۆمەڵایەتی ورەفتاری گشتی دەگێڕێتەوە، بۆیە تێکەڵییەک لە نێوان بابەتە فەردی وکۆمەڵییەکان دەبێت، کە زۆرجار دووفاقی درووست دەکات، ئەمە جگە لە کێشەی بیرچونەوە و تەمەن و گرفتی دەرونی (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1: 248 ) ، چونکە مێژووی زارەکی تەنها بریتی نییە لە تەوسیقکردن ی رابوردووی مرۆڤ، بەڵکو پەیوەندی نێوان دوو کەس یان زیاترە و بریتییە لە گفتوگۆ ، گفتوگۆش واتا ئاڵوگۆڕی زانیاری ، گفتوگۆیەکیش دەربارەی رابوردووە (Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:1)،کە هەمیشە لە گفتو گۆشدا سێ چالاکی بەشدار دەبن ئەوانیش یادەوەری و گوتن و بیستن، کە هەریەکەیان لە رێگەی سیاقی گفتوگۆکەوە دیاریدەکرێن ولە کەسێکەوە بۆ کەسێک و گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جیاوزن، بۆنمونە هیچ کات ئەو گەلانەی دووچاری هەژاری و گرفتی رەگەزی و نەخۆشین، وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان نایەنە گۆ و یادەوەریان هاوکاریان نییە .

یادکردنەوە یەکێکە لە کۆمەڵایەتیترین چالاکییەکانی مرۆڤ، کە مرۆڤ هەمیشە لە پرۆسەی یادکردنەوەدایە، هەندێکجار بێ هۆشیاری خۆیشی ، بەڵام زۆر جار ڕوودەدات ئێمە ناتوانین هەموو شتێک یادبخەینەوە ، چونکە یادکردنەوە پرۆسەیەکی دێنامیکییە ،کە هاوکارە لە بونیادنانەوە و دووبارە بونیادنانەوەی رابووردوو، بریتیە لە پرۆسەی ڕێکخستن و پشتگوێخستن، هەڵبژاردن و کۆکردنەوە، واتا بەردەوام تێکەڵەیەکە لە سەبجێکتڤ و ئۆبجێکتڤ،( بابەتی و خودی )هەروەها لە راستی و راڤەکردن و بۆچوون ، هەربۆیە ئەم پرۆسە ئاڵۆزە هەمیشە ناتوانێت هاوکاربێت لە دووبارە وەبیرهێنانەوەی رابووردوو وەکو خۆی ، ئەمە لە پاڵ ئەوەدا ،کە یادەوەری لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر جیاوازە بۆ نمونە هیچکات لە ژینگەیەکی ئارام وەکو ژینگەی پڕ لە ململانێدا کار ناکات، بە هەمانشێوە کەسێک کە دووچاری شۆکی دەروونی بووبێت هەمیشە گرفتی لە گەڵ یادکردنەوەیدا هەیە یان دەیەوێت دەری نەبڕێ و بیشارێتەوە، یانیش بە جۆشە بۆ گێرانەوەی ،کاتێک چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە پەرۆشن بۆ ئەوەی باسی ڕووداوە ئازاربەخشەکانیان بکەن، جا لە هۆشیارییەوە بێت یان نا، هەندێک جار ئەو چاوپێکەوتنە یەکەم هەلیان دەبێت بۆ گێرانەوەی (Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:5-6)، جاری وا هەیە هەندێک کەس بە زۆر چاوپێکەوتن دەکرێن ،بەڵام هەر ئەوەندی دەستیان بە گێرانەوە کرد ئیدی زۆر ورد و پر دەردەکەون ، واتا یادەوەری وەکو پرۆسەیەکی سەرەکی کاری مێژووی زارەکی ئەگەرچی هاوکاری سەرەکییە لە کارەکەدا، بەڵام زۆر جاریش کۆمەڵێک هۆکاری وەکو ژینگە ، کەسایەتی و دەرونساغی و تەمەن کاردەکەنە سەر چالاکییەکانی و ڕەنگە کاریگەری نەرێنی بکەنە سەر کارەکە .

بەدیوێکی تردا بابەتی گفتوگۆ تەنها یادکردنەوە نییە ،بەڵکو کلیلی بابەتەکە بریاری گوتنی ئەو یادەوەرییەیە ، واتا گوتنیش رۆڵی هەیە، ئەمیش وەکو یادەوەری پرۆسەیەکی چالاکە و مرۆڤ هەمیشە لە دواندایە ، بەڵام جۆر و دۆخ و زەمینەکەی جیاوازە. دوان بە ئازادی، دوان لە ژێر هەرەشە ،دوان بەمەستی دەربڕینی راستی و.. هتد، هاوکات کەسایەتی کەسەکە و لایەنی شەرم و گرفتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ژینگە و دەوروبەر و دەیان هۆکاری تر کاریگەر دەبن لە چۆنییەتی ورادەی دەربرین و گوتن ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی باش بێت ولەبەر هەندیک بابەتی ئەخلاقی دەبێت بە جوانی کەسەکە لە ئامانج وهۆکاری چاوپێکەوتنەکە تێبگەیەنن ورەزامەندی ئەو وەربگرن ،چونکە ئەمە بۆخۆی زۆر گرنگە لە بەر ئەوەی زۆریان ئەمە یەکەمجارە چاوپێکەوتن دەکرێ و هەرگیز لەو باوەڕدا نەبوون گفتەی ئەمان و چیرۆکەکەیان رۆژێک سوودی دەبێت ( Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:6-7) هاوکات هاوکاری بن بۆ رەخساندنی کەشی لە بار و ژینگەی گونجاو بۆ دوان و ئاخاوتنی کەسەکە .

هەروەها گوێگرتن رەگەزێکی تری پرۆسەکەیە، بۆیە کاریگەری هەیە بۆ نمونە گوێگری باش وخراپ بەسۆز و بێسۆز بتوانێت تێکەڵی ڕووداوەکان بێت و چونییەتی مامەڵەکردن لە گەڵ دۆخەکەدا رۆڵی گرنگی دەبێت لە بەدەستهێنانی زانیاری ورد و گونجاو بۆ کارەکە .

لە لایەکی ترەوە بابەتی لایەنگیری یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ئەمجۆرە مێژووە ، کە هەندیک پێیان وایە ، ئەوە وەهمە وابزانین مرۆڤ هەن یان خۆمان یان ئەوانی تر، بێلایەنن و لەژێر باری هیچدا نین ، چونکە هەریەکەمان سەر بە لایەکین، هەریەکەمان پاشخانێکی رەگەزی و کلتوری وسیاسیمان هەیە ، دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئینتیمایەکی رۆحیمان هەیە، کە ئەمە بە تەواوی بەسەر چاوپێکەوتنەکاندا جێبەجێدەبێت ، رەنگدانەوی دەبێت بەسەر زانیارییەکانەوە، لێرەشدا رەخنەی لە دەستدانی بابەتیبوون و لایەنگیری هەیە، چونکە لە بارەی زۆر دۆخ و ڕووداو و دیاردەوە بۆچون و بینینی جیاواز هەن.

هەمو ئەوانەش کە باسکران وادەکەن ئەوانەی لە مێژووی زارەکیدا کار دەکەن بە هەمان شێوەی مێژووی نووسراو بە داوی راستی ڕووداوەکانی رابووردوودا وێڵبن، هەربۆیە ئەوانیش پێویستە بە وردی کار بکەن و هەمان هەنگاوەکانی میتۆدی توێژینەوەی زانستی بگرنە بەر و بگرە هەندێکیش وردتر و ئاڵۆزتر و بابەتی تر، دەبێت ئەوان وریا بن هەرکەسێک و تێگەیشتنێکی بۆئەو راستییانە هەیە، کە شیاوی تۆمار کردنن ،بۆیە دەبێت هەمووان لە بەرچاو بگیرێن ئەگەر بیانەوێت بگەنە وێنەیەکی روون و تەواوی رابووردوو (Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:7-8)،هەروەها پێویستە تا دەکرێت چاوپێکەوتنی کە سانی زیاتر بکرێت هاوکات زانیارییەکان بە سەرچاوەکانی تر بەراورد بکرێن تایبەت نووسراوەکان ،کە لە مێژووی کلاسیکیشدا هەمان ئەم کێشانە دێنە پێش و دەکرێت هەمان ئەوهەنگاوانەی لە مێژووی کلاسیکدا بەکاردێت وەکو رەخنەی ناوەکی و دەرەکی دەکرێت لە مێژووی زارەکیشدا پشتی پێ ببەسترێت بە تایبەتی لە مێژووی زارەکیدا تەنها پشت بە گێرانەوە نابەسترێت ،بەڵکو وەکو باسکرا


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

شیکردنەوە و بەدواداچوونیش بوونی هەیە ، بۆیە روونی و ناروونی و ناواقعی چاوپێکەوتنەکان زۆر جار پەیوەستە بە کەسی توێژەر لە شێوازی پرسیار و هتد(Ranjan,2012: 18).

کەواتە میتۆدی توێژینەوە لە مێژووی زارەکی زۆر ئاڵۆزترە لەو راڤەکارییەی وگێڕانەوانەی کە لە لایەن مێژوونووسانی کلاسیکەوە دەکرێت، چونکە چاوپێکەوتن لە مێژووی زارەکیدا پێویستە زۆر واقعیتر و شیکاریانە تر بێت، بۆیە پێویستە، یان خۆیان یان ئەزمونی راستەوخۆیان لەگەڵ رووداوەکە یان واقیعەکەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی چاوپێکەوتنەکانی ئەوان دەتوانێت تیشک بخاتە سەر رووداوی جەنگ، بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، وەرزش، رۆژنامەوانی، کۆچی رەگەزێک، پیشەو کار، کاری خێرخوازی، ئافرەت، مۆسیقا ئەدەب، هونەر، رێکخراوەکان و هتد، هاوکات پێویستە مێژوونووسی زارەکی ئەزمون و لێهاتوویی هونەری و تەکنیکی هەبێت هاوکات مەعریفەیەکی فراوانی هەبێت لە بارەی ئەوەی دەیەوێت لە چاوپێکەوتنکراو دەستی بکەوێت و پرسیارەکانی تیشک بخەنە سەر ئەو لایەنانەی پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەجۆرێک بتوانێت تیشکی زیاتر بخاتە سەر کێشەکەی بۆیە دەبێت مێژوونووسی زارەکی بە شێوەیەکی پیشەگەری ئامادە بێت و خاوەن ئەزموون و شارەزایی باش بێت (Ranjan,2012: 17).

**پێنجەم : هەنگاوەکانی مێژووی زارەکی لە دەستپێکەوە تا ئەرشیڤکردن**

مێژووی زارەکی بریتییە لە پرۆسەیەک کە لە لایەن تاکێکەوە یان گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت بۆ کۆکردنەوەی گەواهییە زارەکییەکان (Baylor University,?:1)، کە هەندێک جار بە مەبەستی توێژینەوەیەو و هەندێکجاریش تەنها بۆ مەبەستی ئەرشیڤکردن کارەکە ئەنجام دەدرێت، کە دەکرێت زۆرجار دوای ئەوەی سوودی لێدەبینێت بۆ توێژینەوەکەی، توێژەریش ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامی داون بەو مەرجەی رەزامەندی چاوپێوەتنکراوەکان وەربگرێت لە ئەرشیڤخانەدا ئەرشیف بکات بۆ ئەوەی توێژەری تریش سوودیان لێ وەربگرێت. زۆرجار کاری مێژووی زارەکی پرۆسەیەکی فراوان ودرێژ مەودا دەبێت و چەند ساڵێک دەخایەنێت هاوکات دەشکرێت پرۆسەیەکی کورتمەودا بێت ولە ماوەی چەند مانگێکدا ئەنجام بدرێت ( Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:6-7).

هەمو پرۆسەیەکی مێژووی زارەکی بەر لەوەی بگاتە قۆناغی ئەرشیڤکردن بە چەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕیت و کارەکان ئەنجام دەدرێن ،کە بە پلانی تایبەتی دەست پێدەکات و بریتییە لە:

١ ـ دیاریکردنی ئەو بابەتەی کاری لە سەر دەکرێت، واتا دیاریکردنی کۆمەڵگای کارەکە، بۆ نمونە، کە دەگوترێت ئەنجامدانی مێژووی زارەکی بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، واتا دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای کارەکە، کە ئاماژەیە بەوەی لەرێگای چاوپێکەوتنی کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو و لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، چاوپێکەوتن بکرێت، جا گوندبێت، شارۆچکە بێت، یان هەر شوێنێکی تر بێت، یان جومگەیەکی تری کۆمەڵگا بێت، وەکو ئەوانەی کە شوناسێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە، جا چینێکی داریکراو یان توێژێک یان پیشەیەک یان ئەزمونی گروپێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراوبێت، کە لە پرۆسەیەکی زارەکیدا هاوبەش دەبن. هەربۆیە ئەمجۆرە چاوپێکەوتنە دەتوانێت تێگەیشتنی نوێمان پێبدات لە بارەی کلتورە خۆجەییەکان، باوەڕەکان، داب و نەریتەکان و چیرۆکی ژیانی تاکەکان،هەروەها بەرەو گرد و تەپۆلکە و کڵێسا و پەرستگا و ماڵەکان و کێڵگەکان و ماڵەکان و جادەکانمان دەبات، لێرەدا تاکی چاوپێکەوتنکراو ئەوەی هەیەتی و لە یادەوریدایە لە بارەی ژیانی خۆی و چالاکییەکانی و شوێنەکەی دەیڵێت ، کە ئەم یادەوەریانە بۆ مێژووی زارەکی گرنگن هەروەها دەکرێت لە بارەی رووداوێکی دیاریکراو یان بابەتێکی دیاریکراویش ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، کە لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر قوڵایی رووداوەکان و دەکرێت هاوکاربێت لە تێگەیشتن لە رەهەندە جیاوازەکانی بابەتەکە (Ranjan,2012: 18).

٢ـ بۆ ئەنجامدانی مێژووی زارەکی وا باشە پێداچونەوە بە کارە هاوشێوەکانی پێشوتر بکرێت، ئەوانەی نزیکن لەو کارەی دەستنیشان دەکرێت بۆ کار لەسەرکردن و ئەوکار و سەرچاوانەی کە سوودیان دەبێت، وەکو بەڵگەنامە ومۆزەخانە وتوێژینەوکانی پێشوتر و بینینی ئەوانەی پێشتر کاریان لەسەر زارەکی کردووە هەروەها ئەو سەرچاوانەی لەسەرئەو بابەئەنجامدراون لەهەر بوارێکدا بن وەکو زمان ،کۆمەڵناسی و ...هتد ببینرێن ،بۆ ئەوەی لە هەندێک وردەکاری و رەهەندی کارەکە تێبگەین و ئەو کەسایەتیانەی چاوپێکەوتن دەکرێن و پێداویستییەکانی کارەکە بناسرێن و کاراتر بین لە دارشتنی پرسیاری گونجاو.

٣ـ دیاریکردنی ئەو کەسانەی ئەگەری چاوپێکەوتنیان دەبێت

٤ـ دەستنیشانکردنی جۆری چاوپێکەوتنەکە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٥ - پلان و خشتەی چاو پێکەوتنەکان وئامادەکردنی لیستێک بە ناوی ئەوانەی دەتەوێت چاوپێکەوتنیان بکەیت ، باشترە ئەو لیستە بە کاسانی تریش پێشان بدرێت، کە شارەزاییان لە بارەی بابەتەکەوە هەیە .

هەمو کارێکی ئەم بوارە پێداویستی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە :

١- سەرچاوە مرۆییەکان : بەڕێوبەر، هونەری، ئەوانەی مەیدانی کاردەکەن، ئەوانەی تۆمار و تەحریر دەکەنەوە، وەرگێڕ و زمانەوان و .. هتد
٢- زانیاری لە بارەی زمانە خۆجەییەکان، چونکە ئەوانەی چاوپێکەوتنیان دەکرێت بە پێی ناوچە و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییان زاراوەی جیاواز بەکاردێنن .
٣- گرنگی دان بە کەلتور و رۆشنبیری خۆجەیی.
٤- کاتی پێویست .
٥-ئامراز وئامێرەکان ( کامێرا، ریکۆردەر، کاسێت سیدی، کۆمپیتەر و پرنتەر... هتد) .
٦- هۆیەکانی گواستنەوە .
٧- پشتیوانی دارایی .
(Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:10-11 Baylor University,?:3)

هەمیشە لە کاری زارەکیدا بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتو بێت پێویستە رەچاوی ئەمانە بکرێت :

١- ئامانجی روون .
٢- کۆبوونەوەی بەردەوامی تیمەکە .
٣- هاندانی بەردەوامی تیمەکە و بەشداربووان .
٤ - سیستەمێکی باشی پارستنی فایل و داتاکان .
٥- کوالیتی کۆنترۆڵ .

هەنگاوی خۆ سازدان بۆ چاوپێکەوتنەکان هەنگاوی هەرە بنەڕەتییە لە کارەکەدا کە وا باشە بەمجۆرە خۆسازدانی بۆ بکرێت:

١ - پەیوەندی کردن بەو کەسەی دەتەوێت چاوپێکەوتنی لە گەڵدا ئەنجام بدەیت و بەدەستهێنانی متمانەی ئەو، جا لە رێی سەردانی پێشوەختە بێت یان پەیوەندی تەلەفۆنی یان نێوەندگیری کەسێکی ترەوە .
٢ - دڵنیابوونەوە لەوەی، کە کەسەکە بە تەواوی لە مەبەستی چاوپێکەوتنەکە تێگەیشتوە و رەزامەندی داوە بۆ چاوپێکەوتنەکە هەروەها رێکەوتن لە گەڵیاندا لەسەر مەرجەکانی چاوپێکەوتنەکە ( شوێن، کات، جۆری پرسیارەکان، بەشداربووان )
٣ - پێویستە چاوپێکەوتنکار لە پاشخانی رۆشنبیری کەسەکان تێبگات،بۆ نمونە لە هەندێک کلتوردا ناکرێت کەسێک بە تەنها و بێ نێوەندگیری چاوپێکەوتن بکات، یان جاری وا هەیە تاکەکان بە تەنها ناژین، بۆیە لە کاتی چاوپێکەوتندا پێویستە رەچاوی خێزانەکەیان و کۆمەڵگاکەیان بکەن .

لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتندا پێویستە چاوپێکەوتنکار رەچاوی ئەم خاڵانە بکات :

١- ئامادەسازی هونەری کامێرا، کاسێت، پیل، و بەستەر و ...هتد.
٢- رەخساندنی ژینگەیەکی دروست، بۆ ئەنجامدانی چاوپیکەوتنەکە، وەکو نەبوونی موداخەلەی دەرەکی ، نەبوونی ژاوەژاو، شوێنی دانیشتنی گونجاو ،مەودای گونجاو لە نێوان برگەو تەوەرەکان و پرسیاری گونجاو و ...هتد ( Africa University of KwaZulu-Natal ,2006: 12-13)، ئەوەی چاوپێکەوتن دەکات دەبێت کەشیکی وا بۆ بەرامبەرەکەی برەخسێنێت کە بتوانێت بە قوڵی و فراوان بیربکاتەوە و بەئازادی بەشدار بێت و بە تەواوی بتوانێت گوزارشت لە یادەوەرییەکانی بکات ، بۆ ئەمەش ئەم خاڵانەی لای خوارەوە پێویستن :

ا- خۆ ئامادەکردنی ورد وتەواو، کە وای لێدەکات بزانێت چ جۆرە پرسیارێک دەکات، کە ئەمە گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا، گرنگی ئەم لایەنەش لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەردەکەوێت کاتێک زانینی ناوەکان و رێکەوتەکان وشوێنەکان و زانیارییەکان هاوکار دەبن لە وروژاندنی یادەوەری چاوپێکەوتنکراو.
ب- ئەوکات زیاتر لە چاوپێکەوتنکراو نزیک دەبیتەوە و پەیوەندیت توند دەبێت لە گەڵیدا ، کە بە وردی ئامانجی چاوپێکەوتنەکە و رۆڵی ئەوان ومافەکانیان بۆ روون بکرێتەوە، کە باشتر وایە بەر لە چاوپێکەوتنەکە سەردانێکی بکرێت یان پەیوەندی پێوە بکرێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ج- باش ئەوەیە، کە بتوانێت تەکنیکی باشی جاوپێکەوتن پیادەبکات چالاک بێت بەس بێزارکەر نەبێت لە گەڵ ئامێر وئامادەسازییەکاندا. لە سەرەتایەکی گونجاو دەست پێبکات وسیستەماتیک وبە پێی قۆناغبەندی وزنجیرەیی بڕوات، پرسیاری کراوە بکات، بە وردی وچری گوێبگرێت و نەپچڕێت و لە گەڵ ڕەوتی گێرانەوکەدا تێکەڵ بێت و هەڵوەستە لە سەر زانیارییە نوێ و چاوڕوان نەکراوەکان بکات .هەڵوەستە لە سەر وەڵامە گوماناوییەکان بکات بەڵام بە شێوازی دروست و هێمنانە و پارێزگاری لە کەشی گشتی چاوپێکەوتنەکە بکات و ئەو هەستەی بۆ دروست بکات کە ئەو دەتوانێ ئازادانە و ڕاستگۆیانە وەڵام بداتەوە .

د-پێویستە لە نێوان هەموو جەلسەکاندا پێداچونەوە بە برگەی پێشوتردا بکات بۆ گەڕان بە دوای کەم وکوڕی تەکنیکی وهونەری ولە زانیارییەکان.

و-ڕێزگرتن، واتا بەردەوامی لەسەر ڕێزگرتن لە چاوپێکەوتنکراو لە هەموو هەنگاوەکاندا (Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:2 )، لەم دواییانەدا مێژوونووسانی زارەکی گەیشتنە ئەو باوەڕەی چاوپێکەوتن وەکو دانیشتنێکی ئاسایی، نییە بەڵکو پرۆسەیەکی هەرەوەزی وهاوبەشییە لە ئەنجامی پەیوەندی هەردوولا، کە دووکەس هاوبەشن لە چاوپێکەوتنەکە ، واتا دوو جیهان یان خودی جیاواز بەریەک دەکەون، کە ڕەنگە ئاکتی جۆراوجۆری تێکەوێت، وەکو پەیوەندی قوڵ و ڕێز، یان هەڵوێستی بەرگری ،یان لێک تێنەگەیشتن ونامۆیی، ئەمانە هەمووی سەرەنجەکانیان بە لای کەسی چاوپێکەوتنکاردا دەبەن، کە دەبێت ئەمانە بەرجەستە بکات (سادەیی، وکەسایەتی و ناسینی بەرامبەر) ڕەچاوکردنی لایەنی چینایەتی، ڕەگەز، تەمەن وشارستانی وگوندی و...هتد ورەچاوکردنی کاریگەری ئەمانە لەسەر چاوپێکەوتنەکە (Abrams,2010:10). هەروەها پێویستە لەم هەنگاوەدا چەند پرەنسیپێک لەبەرچاو بگرێت وەکو ڕێزگرتن پەرپرسیارییەتی، نهێنی پارێزی، هەستیاری، هەلسوکەوت و ڕەفتاری ئەخلاقیانە .

بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، وا باشە چاوپێکەوتنکار لە کەسی جاوپێکەوتنکراو بپرسێت ئەم زانیارییانە سەرچاوەکەیان چییە ، واتا ئەو زانیامیانەی دەیڵێت خۆی بەشدار بووە ،یان بە چاوبینیویەتی یان بۆی گێردراوەتەوە (Africa University of KwaZulu-Natal ,2006: 2).

لە دوای ئەمانەش ئامادەکاری بۆ چاوپێکەوتنەکان دێتە پێش، کە پێویستە ئەم بنەمایانە ڕەچاوبکرێت لەوانە :

١- دیاریکردنی کەسەکە .
٢- پرسیاری لێ بکرێت ئایا گرنگی بە بابەتەکە دەدات وپێی باشە چاوپێکەوتنی بکرێت.
٣- دوای ئەوەی ئامادەیی دەربری ئەوکات کات وشوێنی چاوپێکەوتنەکە دیاری بکرێت هەروەها پرسیاری لێ بکرێت، کە ئەو دەیەوێت چی تر زیاد بکاتە سەر زانیارییەکانی ودەیەوێت باسی بکات ، شوێنی بێ دەنگ وگونجاو هەڵبژێرە و کەمتر لە دوو سەعات بۆ هەر جەلسەیەک دامەنێ
٤- پەیوەندی پێوە بکەرەوە لە ئیمەیل ، یان هەر ڕێگایەکی تر بێت، تیایدا جەخت لە سەر پلانی کارەکە و ئەو تەوەرانەی گفتوگۆ دەکرێن ومافە یاساییەکانی ئەوە بکەرەوە هەروەها مامەڵەکردن لە گەڵ چاوپێکەوتنەکە ڕوون بکەرەوە چۆن دەبێت. لیستێکی زۆر گشتی لە بارەی بوارەکانی بابەتەکە بنێرە و لێیان داوا بکە ئەوان ئارەزوو دەکەن باسی چ لایەن یان بابەتێکی تر بکەن
٥- بەدواداچونی ورد بۆ ژیاننامەی کەسەکە بکرێت وپرسیار لە کەسانی تریش بکری کە چ بابەتێک باشە باسی بکات وکام برگانە کێومالّ بکرین لە گەڵێدا ، واتا کورتەیەک لە ژیاننامەی ئەوی لابێت ، کرۆنۆلۆجیایەک بۆ گرنگترین وێستگەکانی ژیانی وڕووداوەکانی ژیانی بە پێی زنجیرەیی مێژووی ئامادە بکرێت لیستێک ئامادە بکرێت بۆ ناو و دەستەواژە و زاراوە کەسییەکانی، کە لە ژیانیدا گرنگ بوون ، وەکو ناوی ئەو شوێنانەی بۆی چون ،یان خێزانە گرنگەکان ، یان ئەندامەکانی کۆمەڵگا . مەلەفێک بۆ وێنە کەسییەکانی ئەو بکەرەو ئەمانە ڕێگردەبن لەوەی چاوپێکەوتنکراو توشی هەڵە وتێکەڵکردنی بابەتەکان ببن.
٦- لیستی پرسیارێک دروست بکە وابێت تەواو بۆ ئەم چاوپێکەوتنە گونجاو بێت و ئەوەی پەیوەندی بەمەوە نییە لایبەرە .
٧- کەرەستە وئامێرەکان هەمیشە وهەمیشەو هەمیشە بەکاریان بهێنە و سەرقاڵیان بە و لە گەڵ کەسانی نزیکدا پراکتیزەی چاوپێکەوتن بکە وبیسڕەوە بۆ ئەوەی پڕ نەبێتەوە دڵنیا بەرەوە لە هەموو پێویستییەکان وەرقە وایەر کاسێت وسیدی و پاتری وهتد
٨- ڕۆژی پێش چاوپێکەوتنەکە لە کات وشوێنی چاوپێکەوتنەکە دڵیای بکەرەوە( Africa University of KwaZulu-Natal ,2006:3) .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێرەدا پێویستە هەندێک پرەنسیپی گشتی لە بەرچاوبگیرێن لەوانە کەسایەتی گێرەرەوە ئایا بە راسگۆ دەستپاک وجێگیری دەروونی و... هتد ناسراوە ، ئایا زمانی روون و یەکجۆر و متناسقە ، ناوەرۆکی گێرانەوەکە چۆنە ،( مجموعة مؤلفین , 2015\ج1 : 303 ، Smithsonian Institution Archives,?:19).

لە دوای هەموو هەنگاوەکان ئیدی دەست بە چاوپێکەوتنەکە دەکرێت کە لێرەشدا گرنگە بزانرێت چۆن دەست بە پرسیار دەکەیت، لەوانە :

١- جارێکی تر دڵنیابەرەوە لە بێدەنگی شوێنەکە، لە دەنگی خێزان، ئاژەڵی ماڵی تەلەفۆن و ...هتد هەرچی ئامێرە کاردەکات بیکوژێنەوە مۆبایل، تەلەفزیون و... هتد .
٢- جارێکی تر بۆی روون بکەرەو دەتەوێت چ بکەیت و مافە یاساییەکانی چین و ئەگەرەکانی بە کارهێنانی ئەم چاوپێکەوتنە چۆنە، پێی بڵێ بۆی هەیە ئەو پرسیارانەی بەدڵی نەبێت وەڵامی نەداتەوە و کەی ویستی دەتوانێت تۆمارەکە رابگرێت .
٣ - چی وژاو هەیە پێی بکە بۆ نمونە، مافەکانی و چۆنییەتی بەکارهێنانی چاوپێکەوتنەکە و هی پارە ئەگەر هەبوو.
٤- بەپێی پرسیارەکانی خۆت ئامادەت کردوە دەست پێ بکە وێنەیەکی فۆتۆگرافیش لەگەڵ چاوپێکەوتنکراودا بگرە.
٥- لە پرسیارە ئاسانەکانەوە دەست پێبکە وەکو ، ناو و شوێن وساڵی لە دایکبوون و ناوی ئەندامانی خیزان وژمارەیان.
٦- بواری بدە دەست پێبکات بە ڕێزەوە .
٧- پرسیاری کراوە بکە وەکو بۆم باس بکە، پێم بڵێ، بۆم بگێرەوە، چێت بیردێتەوە لە بارەی، ئەگەر بە بەڵێ ونەخێر وەڵامی دایەوە لێیَ بپرسەوە چۆن، بۆ، کەی، لەکوێ و ...هتد .
٨- دوورکەوە لە پرسیاری داخراو ،کە وەڵامەکەی بەڵێ، یان نەخێ،ر یان تەنها وەڵامێکی کورتی دەبیت وەکو لەوێ بووی، یان کەی بوو. ئەگەر وەڵامەکەی ئەویش کورت بوو زیاتر بەدوایدا بچۆ، وەکو وروژاندنی پرسیاری کەی وچۆن وکێ و بۆ و لە کوێ، بۆ ئەوەی زیاتر بدوێت.
٩ -هەر جارێک یەک پرسیار بکە ،هەمیشە ئەو پرسیارە شوێنکەوتەییانە بکە، زیاترم بۆ باس بکە ، چۆن ، بۆ .
١٠- بۆ وروژاندنی یادەوەریان ئەم دەستەواژانە بەکاربێنە لە ساڵێ ئەوەند چوێت بۆ فلان شوێن چۆن بوو گەشتەکەت .
١١- زیاتر جەخت لە ئەزموونی ژیانی خۆی بکە ،ئەوەی خۆی تێدا بەشدار بووە، نەک ئەوەی بینیویەتی یان بۆیان گێراوەتەوە، ئەگەر چیرۆکی گشتی بۆ گێرایتەوە بڵێ ئەی رۆڵی تۆ چی بوو، یان هەستی تۆ لەو رۆژەدا چۆن بوو، یان چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەو دۆخەدا کرد .
١٢- لە بێدەنگی و وەستانی ئەو بۆ بیرکردنەوە بێزار مەبە، رێگای پێبدە با بیر بکاتەوە ،لەو کاتەدا تۆ تێبینی و هەڵوێست وپرسیارە نوێیەکانی خۆت تۆمار بکە .
١٣- تێبینی ئەو جۆرە پرسیارە بکە، کە ئەو دەتوانێت باشتر وەڵامی بداتەوە وزانیاری زیاتر دەربدەبرێت، بۆ ئەوەی خۆت لە گەڵ ئەو جۆرە پرسیارەدا رابێنیت.
١٤- رێی پێ بدە هەندێک بابەتت بۆ پێشنیار بکات ،کە تۆ بیرت لێ نەکردوونەوە .
١٥ - رێی پێ بدە هەندێک بابەت باس بکات ،کە لە پلانی تۆدا نەبووە رەنگە باشترین برگەی چاوپێکەوتنەکە بن .
١٦ - دوای نزیکەی سەعاتێک لێی بپرسە پشویەک نەدەین .
١٧ - جارجار فیدباکی بدەرێ بە زەردەخەنە وسەر لەقاندن و گوێگرتن، واتا وتەکانت گرنگ و جێی بایەخن .
١٨- دوودڵ مەبە لە بەدواداچوون بۆ ئەو زانیاریانەی بە هەڵەیان دەزانی بە ئەدەبەوە داوای روونکردنەوە بکە .
١٩- شێوەی دارِشتنی ئەو پرسیارانە بگۆرە کە هەست دەکەیت وەڵامی نەداوەتەوە ،چونکە رەنگە کوێی لێ نەبووبێت یان تێی نە گەیشتبێت ، هەرچەندە ئەو ئازادە لە وەلام نەدانەوە .
٢٠- ئەگەر هەبوو وێنە لە گەڵ خۆتدا بەرە ، یان داوا بکە ئەو ئەلبوم بێنێت و با شتە بینراوەکان بهێنێت، چونکە یادەوەری چالاک دەکەن .
٢١- هەوڵ بدە با زیاتر ئەو قسە بکات نەک تۆ، یان بۆچونی خۆت دەربېریت ، بەڵکو ئەگەر داواشی لێکردی بیری بخەرەوە کە بابەتەکە، بۆ ئەوەیە ئەو قسە بکات نەک تۆ و بۆچونی ئەو گرنگە نەک تۆ.
٢٢- ئاسایی با چاوپێکەوتنێک یان جەلسەیەک لە سەعات ونیوێک بو دوو سەعات زیاتر نەخایەنێت، چونکە لەوە زیاتر هەست بە ماندوویەتی و بێزاری دەکات .
٢٣- لە کۆتاییدا داوایان لێبکە هەڵسەنگاندن بۆ ژیانی خۆیان و ئەو گفتوگۆیە بکەن کە لە گەڵیان ئەنجام درا.
٢٣- لە کۆتاییدا پێی بڵێ رێنووسی ئەو وشە و ناوانەی تێی نەگەیشتووی بیڵێت .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٢٤ ـ لە کۆتاییدا دڵنیا بە لە کۆکردنەوەی سەرجەم کەلوپەلەکانت، هەروەها پێی بڵێ ئەگەری چاوپێکەوتنەوەی داهاتوو کراوەیە .

لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنیشدا زۆر گرنگە چاوپێکەوتنکار گوێگری باش بێت و هاوسۆزی هەبێت و هەستیاربێت بەرامبەر رەگەز، تەمەن، کەلتور .

لە دوای چاوپێکەوتنەکە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتو بێت و تا ئەوسەری بروات پێویستە ئەم هەنگاوانەش ئەنجام بدرێن: ئاماژە لە سەر کاسێتەکان دابنرێت ،رەزامەندی یان رێککەوتن لە سەر تەحریرکردن وەربگیرێت،نوسخە لە بەرگرتنەوە ئەنجام بدرێت و دواتر ئەمبار بکرێت ، دوای کۆمەڵێک هەنگاوی تر ئامادەدەکرێت بۆ ژمارە دانان و ئەرشیفکردن ( Africa (University of KwaZulu-Natal ,2006: 14-15, Smithsonian Institution,?:4-5 .

بەمەی کە لای سەرەوە باسکرا هەنگاوی یەکەم ،کە هەنگاوی کۆکردنەوەی مەیدانییە کۆتایی دیت، واتا کۆکردنەوەی گێرانەوە زارەکییەکان راستەوخۆ لە زاری هەواڵدەر وگێرەرەوەکانەوە، کۆتایی دێت، کە وەکو باسکرا ئەم قۆناغە پێویستی بە کەسانی راهێنراو بە ئاگا لە بارەی پرۆسەکەوە هەیە، کە گرنگی بە کۆکردنەوە وتەوسیقکردن بدەن، بزانن کەرەستەکان بۆچی و بە چ مەبەستێک کۆ دەکرێنەوە ، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت ئەگەر کۆکراوەکان بە هەندێک قۆناغی تردا تێنەپەڕن ئەوا بایەخی زانستیان نابێت ، ئامادە نابن بۆ ئەرشیفکردن ، کە ئەوانیش چەند پرۆسەیەکی هونەری وتەکنیکین لەوانە:

**یەکەم :** پێداچونەوە لە لایەن پسپۆرانەوە، واتا چاوخشاندنەوە بەوەی کۆکراوەتەوە و وەلانان ودوورخستنەوەی ئەومادانەی، کە لە رووی زانستی وتەکنیکییەوە شیاو نین ، ئەمیش واتا هەڵبژاردنی ئەو مادانەی، کە دەخرێنە ئەرشیفەوە ودەبنە کەرەستەیەک، کە بەکاربێت لە شیکردنەوە وبونیادی زانستیدا.
**دووەم :** فەهرەسەکردن : کە بەشێکە لە پرۆسەی هونەری لە نێو ئەرشیفدا، شێوەی کەرەستەکەکان وەسفدەکات ،کە کۆکراونەوە ،وەکو: شوێنی کۆکردنەوە ، کۆکەرەوە، گێرەرەوە، هەواڵدەر، رێککەوتی کۆکردنەوە و... هتد .
**سێیەم:** پوختەکردنی بابەتەکە ، کە لێرەدا بابەتە کۆکراوەکە لە کەرەستەیەکی خاوەوە ،کە لە زاری گێرەرەوە وەرگیراوە، دەگۆڕێت بۆ رەگەزێکی زانیاری، بەوجۆرەی دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت، پوختەش لە زانستی زانیارییەکاندا بەوە ناسراوە ، کەشیتەڵکردن و شیکردنەوەیە لە پێناو بەردەستخستنی ئەو زانیاریيانەی گونجاون لە بەڵگەنامەکاندا. لە رووی زاراوەشەوە، واتا هونەری دەرهێنانی زۆرترین زانیاری گونجاو لە بەڵگەنامەدا ودەربڕینی بە کەمترین وشە.
**چوارەم :** پۆلێنکردن، واتا بابەتەکە بخرێتە قاوغی بابەتی وکاتی وجوگرافییەوە یان لەسەر بنەمای گروپە کۆمەڵایەتییەکان و میللییەکان پۆلێن بکرێن، کە یەکێکە لە گرنگترین کارە هونەرییەکان، پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو وتەواو ئەنجام بدرێت چونکە پۆلێنکردنی دروست وباش، زامنی ئەوەیە ، کە بە ئاسانترین شێوە زۆرترین سوود ببەخشێت (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 250-251).

هەموو‌ئەوانەی باسکران وادەکەن، پێویست بکات بۆ هەموو کارێکی زارەکی، هەندێک بنەمای میتۆدیانە رەچاوبکرێت لەوانە:

**یەکەم:** چاوپێکەوتنەکە بکەوێتە ژێر باری رەخنەوە هەروەها شیکردنەوە بۆ سیاقی بەرهەمهاتنی گەواهییەکان و شیکردنەوە بۆ کێشە زمانەوانی و پێکهاتەی بەلاغی و گوتاری و سەردییەکان وشێوازی گوزارشت وئیقاعی قسەکردن و زمان گرتن و زمانی جەستە بکرێت، لە هەمانکاتدا مەرامەکانی گەواهیدەر و ناوەرۆک و ناوەخنی قسەکانی شیبکرێنەوە .
**دووەم:** بە دواداچون و وردبوونەوە بۆ هەموو تێروانین و زانیارییەکان بکرێت، ئەویش لە رێگای وردبوونەوە لە کۆی چاوپێکەوتنەکە و بەراوردکردنی برگەکانی بە یەکتر هەروەها بەراوردکردنی برگەکانی بە چاوپێکەوتنەکانی تر، دواتریش بەراوردکردنیان بە دەقە نووسراو و بیستراو و بینراوەکان و بە سەرچاوە و بەڵگەنامە و دەقەکانی رۆژنامەوانی وچەندینی تر .
**سێیەم :** دەبێت وا چاو لە چاوپێکەوتن بکرێت ئەگەری هەیە هەواڵدەر تێکەڵییەک لە نێوان رەگەزەکانی رابووردو و ئیهتاماتی ئێستای خۆی بکات، بۆیە جگە لەوەی دەیەوێت پێویستە هەندێک بەشی چاوپێکەوتنەکە بە پێی رێککەوتن بپچرێت .
**چوارەم:** ئەم چاوپێکەوتنانە بەر لە هەموو شتێک گێرانەوەن بۆیە دەبێت وەکو گێرانەوە( روایە ) مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت لە بارەی کێشەی زارەکی و سەردی و قەولییەوە (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 305)
هەروەک پێشتر باسکرا لە مێژووی زارەکیدا ناکرێت وا بزانرێت ،کە یادەوەری لە هەموو حاڵێکدا بێکێشەیە ، چونکە زۆرجارچاوپێکەوتنکراوان ، چەند رووداوێک تێکەڵ دەکەن لە رووداوێکدا، یان ناو و رێکەوت و زنجیرەییە مێژووییەکە بە هەڵە باس دەکەن، رەنگە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان هەڵە لە خۆبگرن جا لە رووداوەکان و ناوەکان وقۆناغبەندی مێژوویی بێت، یان لە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێکدانەوە ودەربڕینی بۆچوونەکان، کە ئەمە لە کاتی بەراوردکردنیان بە بەڵگەکانی تر دەردەکەون، زۆرجاریش هەندێک لەو تێکەڵکردنانە بێمەبەستن و گرنگی زۆریان نییە، بەڵام هەندێکیان گرنگن و بە مەبەستن.

هەندێکجار چاوپێکەوتنکراو ، نەیگوتووە زانیاری رەش بکەرەوە و زانیارییەکەش هەڵە وشێواندنی تێدایە، بۆیە ئەو کات باشتر دەبێت، ئەگەر پەراوێز بۆ روونکردنەوە دابنرێت، هەندێکجاری تر ئەو چاوپێکەوتنانە بابەتی کەسی تێدایە کە دەبێتە مایەی شەرمەزاری کەسەکە، یان شەرمەزاری کەسانی تر، کە دەکەونە نێو باسەکەوە، ڕەنگە هەندێکجار لە کرۆکی بابەتەکەشدا بێت، چونکە مێژووی زارەکی زۆر کەسییە و فەردییە ، تاکەکە وەکو چۆن دەژیت باسدەکات ، نەک وەکو چۆن دەنووسرێت، ئەوکات ئەگەر بتەوێت وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێیتەوە بۆ گرێبەستەکەی نێوانتان وشێوازەکەی هەروەها لەبەرچاوگرتنی لێکەوتە ئەخلاقییەکانی هاوکات قەبارەی ئەو شێواندنانەی دروستی دەکات. (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 44) وبەپێی ئەوانە مامەڵە لە گەڵ دۆخەکەدا دەکەیت.

لەلایەکی ترەوە، لەم کارەدا زۆر جار چاوپێکەوتن لە گەڵ توێژی خوارەوە و پەراوێزخراو و ئەشکەنجەدراو دەکرێت، بۆیە لە پاڵ قسە بەسوودەکان ،هەندێک قسەیشی هەیە، کە نامانەوێت بیبیستین ورەنگە دەربڕینی نەشیاو و نەگونجاویش بێنە پێش ،بۆیە لێرەدا دەبێت ئەوە لەبیر نەکرێت لەم کارەدا نابێت شێواندن لە قسەکانی هەواڵدەر بکرێت، وبەپێی ویستی خۆت لێی بپچرێت ، بەڵکو لە سیاقێکی گونجاودا دابڕێژرێت و ئاگاداری هەستەکانی ئەو و ئەوەی ئەو دەیڵێت و هاوکات دەستپاکی خۆت و وردبینی خودی خۆت و زەمینەی ئەخلاقی و سیاسی ئەو کەسە بین کە چاوپێکەوتنی دەکەین (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 48, leavy,2011: 49).

هەمو ئەوانەی باسکران وادەکەن ، قۆناغی بەدواداچون و هەڵاوێرکردنی زانیارییەکان لەم کارەدا زۆر گرنگ بن ، کە مامەڵەکردن لە گەڵ هەندێک بابەت لە تۆمارەکاندا ئاسانە ، بەڵام هەندێک جار بۆ کەسانی بێ ئەزموون ئاسان نییە، لێرەدا دەکەوێتە سەر رادەی زانینی توێژەر و پاشخانی ئەو لە بابەتەکەدا، بۆ زانینی دروستی زانیارییەکە، یان رادەی مەعقولییەتی، ئایا لە گەڵ چوارچێوەی گشتی بابەتەکەدا دەگونجێت ،ئەگەر نا دەبێت دەست بە بەدواداچون و لێکدانەوەکانی بکات ، ئەویش بە پرسیارەکانی وەکو ، بەڵام من لە کەسانی ترم بیستووە ... تۆ چۆن ئەوە لێکدەدیتەوە ... یان من خوێندومەتەوە هەروەها دەتوانێت بەدواداچون بۆ هاوجوەگەیی و یەکبوونی بابەت لە ناو گێرانەوەکەدا بکات لە ڕێگای پێداچوونەوە بە چاوپێکەوتنەکەدا لە ڕەهەندە جیاجیاکانییەوە، خۆ ئەگەر بابەتەکە هاوبەشی لە گەڵ کەسانی تردا هەبوو ئەوکات ئاساییە بەڵگە لە زاری ئەوانی تریشەوە بە دەست بێنێت و بەراوردیان بکەیت ،بۆیە ئەگەر مێژوو نووس ئەمانە نەکات، ئەوا ئەو چاوپێکەوتنانە نابن بە کەرەستەی مێژوویی، واتا ئەو چاوپێکەوتنانە کاتێک دەبن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی ،کە مێژوونووس کاری لەسەر بکات وبە پرۆسەکانی رەخنەی مێژوویی و راڤە و شیکردنەوەدا بروات، هەر بۆیە ئەم کارە چالاکییەکی هەمەلایەنی میتۆدیانەی زانستیانەیە و دەبێت مێژوونووس تایبەتمەندی هەبێت لە بواری رۆشنبیری مێژوویی و فراوانی هەستی میتۆدیانەی رەخنەیی، ئەمە جگە لە شارەزایی و گرنگیدان بە هەندێک زانستی تری وەکو ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و زمانەوانی و ئەدەبیات و ...هتد (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 51).

سەرەنجامی هەموو ئەو هەنگاوانەی باسکران ، لە دواجاردا زۆر جار مێژووی زارەکی لە چوار شێوەدا دەردەکەوێت،ئەوانیش یەکەم چاوپێکەوتنە ئەسلییەکە، دووەم تۆمارکراوەکەی وەکو کۆپی لێی گیراوەتەوە، سێیەم نووسراوەکە، چوارەم راڤەکراوەکە (Abrams,2010: 9) ، بەمەش کارەکە دەگات قۆناغی کۆتایی و دوای ئەوەش، چەند ڕێگایەک هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی مێژووی زارەکی ،لەوانە بڵاوکردنەوە لە شێوەی (کتێب، راپۆرتی ڕۆژنامەوانی، توێژینەوە، یان پێشانگا)، یانیش ئەرشیفکردن، کە لە دوای ئەم هەنگاونەوە ئیدی کارەکە ئامادەدەبێت بۆ ئەرشیفکردن .

سەبارەت بە ئەرشیف، ئەوا لە رووی زمانەوانییەوە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای شوێنی دانیشتنی قازی یان نووسینگەی گشتی دەهات، هەندێک لە توێژەرانیش پێیان وایە بنەچەی وشەکە لە یۆنانییەوە هاتووە بە مانای ئەرک یان فەرمانبەری ،ئەویش بە واتا ئیداری وحکومییەکەی هەروەها ئاماژەش بووە بە سەرۆکایەتی، هاوکات لە ماوەیەکی تردا بە کۆمەڵێک کاغەز وموستەنەد گوتراوە، کە لای فەرمانبەرێک کۆ دەبوونەوە لە کاتی کارکردنیدا، دواتر ئەم زاراوەیە چۆتە نێو زمانی لاتینییەوە( ARCHAIUM ) ، دوای ئەویش گواستراوەتەوە بۆ زمانە ئەوروپییەکان مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 248,السيد , 1987: 12 ) ، لە سەدەکانی ناوەراستدا واتای وشەکە فراوانتر بووە بۆ ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامە وتۆمارانەی ، کە بەهایەکی دیاریکراویان هەبووە ، لە سەرەتاکانی سەردەمی نوێشدا هەندیک کەس وەکو ناونیشانێک بۆ بەرهەمە مێژووییەکانیان بە کاریان هێناوە (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 248 ).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

سەبارەت بە پێناسەی ئەرشیف ئەوا، لە ئۆکسفۆردا بەوە پێناسە کراوە، ئەو شوێنەی، کە بەڵگەنامە گشتییەکان ،یان بەڵگەنامە مێژووییە گرنگەکانی تێدا دەپارێزرێت، هەندێکی تر دەڵێن هەموو ئەو بەڵگە و نووسراوانەیە، کە بەرەنجامی چالاکی گشتی، یان کەسین بەو مەرجەی وا ڕێکخرابێت، کە بەردەست کەوتنی لە لایەن توێژەرەوە ئاسان بکات و بەباشترین شێوە پارێزراو بێت (السيد , 1987 :12-14 ) .

لە پێناسەیەکی تریشدا دەڵێت: کۆمەڵێک بەڵگەنامەیە کە بەرەنجامی چالاکی کەسی، یان بەرژەوەندی ئیداری دەزگاکانە و بەو مەبەستە دەپارێزرێن ،کە لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێنەوە (الطاهري , 2009 :10 )، هەندێک پێناسەی تریش وا پێناسەیان کردوە، کە بریتییە لەو بەڵگانەی بۆ دەوڵەت یان دەزگایەک یان تاکێک گرنگن ، یان بریتییە لە کۆمەڵێک بەڵگەی تۆمارکراو ،کە دەرەنجامی چالاکی فەردی یان کۆن ، بە مەرجێک وا ڕێکخرابێت کە ئاسان بتوانرێت بەدەست بهێنرێت لە کاتی پێویستیدا بۆ توێژینەوە و زۆر بە باشی پارێزراو بێت لە چوارچێوەی یەک ڕێکخراو یان یەک بابەتدا، یان دەڵێن ئەرشێف شوێنی پاراستنی بەڵگەنامەکانە، جا بەڵگەنامەکە هەرچۆنێک بێت بیستراو، بینراو، خوێندراو، لێرەشەوە جۆرەکانی بە پێی ئەو کەرەستەیەی دەیپارێزیت یان شێوازی پاراستنەکە وچەند لایەنێکی تر یەکەکانی ئەرشیف دەرکەوتوون(السيد, 1987: 10 ، الطاهري , 2009 :10)، واتا بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی روون دەبێتەوە ئەوەیە،کە ئەرشێف بە مانای شوێنی پاراستنی بەڵگەنامەکان دێت بەشێوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە بگاتە بەردەستی توێژەرو ئەوکەسانەی کە پێویستیان پێی دەبێت، نەک تەنها کۆکردنەوە و پاراستن. لە بارەی بەڵگەنامەشەوە ئەوا لە رابوردودا، بە هۆی نەبوونی کەرەستە و ئامێری تۆماری دەنگ و رەنگەوە بەڵگەنامەکان تەنها نووسراوبوون ،وەکو نامە و کتێب ونووسراوی فەرمی، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجییاوە، وپێشکەوتنی بەردەوامی ئامێرەکانی تۆماری دەنگ و ڕەنگ و شێوازەکانی پاراستنیانەوە، ئیدی فیلم و تۆماری دەنگی و ڤیدیۆ و قەوان و زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانیش بوون بە بەشێکی گرنگی بەڵگەنامەکان (السيد,1987: 10 ) ، هەر لێرەشەوە هێدی هێدی تۆمارە زارەکییەکانیش بوون بە بەشێک لە بەڵگەنامە و پێویست بوو ئەرشیف بکرێن ،بۆ ئەوەی لە دواجاردا سوودی زانستیان ببێت ، بۆیە ئیدی ئەرشیڤی پاراستانی گێرانەوە زارەکییەکان وپارستن وپۆلێن کردنیانە لە شێوەی جۆراوجۆری وەکو کاسیتی ڤیدیۆیی، قەوان ،سیدی، دیڤیدی، هاتنە ئاراوە ، کە دەبێت بە ڕیگایەکی تایبەت ئامادەکرابێت ، ئەویش بەپێی چەند بنەمایەکی زانستی زانراو ، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی گونجاو بۆ پاراستنی ئەوکەرەستانە و بەڕیگایەک ڕێکبخرێت ، کە ئاسانکاری بۆ دەست پێراگەیشتنی بکات لە لایەن توێژەر وفێرخوازانەوە، بە ئاسانترین شێوە، هەربۆیە دەبێت بە زانستیترین شیوە وئاسانترین شێوە گەواهییە زارەکییەکان ڕێکبخرێن وبگەنە دەستی توێژەر ،کە ئەمە ئامانجی سەرەکییە لە ئەرشیڤکردندا (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 :248-249) .

ئەوەی لە باسەکانی پێشوودا روون بۆوە ئەوەیە ، کە مێژووی زارەکی لە سەرەتادا بە ڕوونی بە مەبەستی ئەرشیڤکردن بوو، واتا بە مەبەستی پاراستنی تۆمارەکە بوو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە کاربێت، بۆیە( دۆناڵد ئەی ریتچی) دەڵێت، چاوپێکەوتن نابێتە مێژووی زارەکی ، تا نەنووسرێتەوە، یان بەجۆرێک کاری لەسەر بکرێت یان لە ئەرشیڤخانە و کتێبخانە و ناوەندێک لە بەردەست نەبێت یان ئامادە نەکرێت بۆ بڵاوکردنەوە ، بۆیە دەڵێت : کەواتە ئامادە کردن بۆ توێژینەوە و دووبارە راڤەکردنەوە و بە دواداچوون، مێژووی زارەکییە. ئەمەش زۆر بە ئاسانی پرسێکی پسپۆرییانە یان کردارییانە نییە، بەڵکو بابەتێکە بۆخۆی گرنگی ئیپستمۆلۆجی هەیە(مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 31-33).

بە گشتی لە رۆژئاوا لە میانەی گەشەکردنیدا مشتومڕی مێژووی زارەکی دووئاراستەی لێکەوتوتەوە، کە یەکەمیان ئاراستەی ئەرشیڤکردنی ئەکادیمیانەی ( بەڵگەنامە ) یە، کە تیایدا گەواهییە زارەکییەکان کۆ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی مێژوونووس و توێژەرە ئەکادیمییەکانی بواری مێژوو لە داهاتوودا سوودی لێ وەربگرن. لە کتێبخانەکان وزانکۆکان وبەش وناوەندە ئەکادیمییەکان، وەکو بەشێک لە مێژووی نووسروای ئەو سەردەمە یان وەکو بەشێک لە تۆماری کەسایەتی وبەشداربووەکانی ڕووداوەکان بپارێزرێت ،دووەمیشیان ئاراستەی بەکارهێنانی وەکو مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاسەوخۆ، چونکە ئەم گەواهییانە تەنها لە مێژوونووسیدا بەکار نایەن، بەڵکو لە بوارەکانی تری وەکو کۆمەڵناسی مەعریفە وکۆمەڵناسی ڕۆشنبیری وکۆمەڵناسی سیاسی و چەندینی تر، بەکاردێن ،بەڵام لای ئێمە تا ئێستا ئەم لایەنە کەمترین بایەخی پێدراوە ، سەرەڕای زۆری ڕووداوەکان، کە پێویستیان بەم لایەنەیە بە تایبەتی جوڵانەوەکانی ئەم دواییانەو خۆپیشاندانەکان ودەیان و بگرە سەدان بابەتی تر، کە سەرەڕای ڕۆڵی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆجیا و هێڵە جیاجیاکانی تر، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە ڕووداو و کەسایەتییە گرنگەکانی نێو ڕووداوەکان دەرناکەون ونابنە باس وخواس پشگوێ دەخرێن وبەشێک لە ڕاستییەکان لە نێودەچن (١٥-١٧) ، کە ئەمیش لە دواجاردا هەر پێویستی بە ئەرشیڤکردن و پاراستن دەبێت، هەربۆیە بابەتی بە ئەرشیڤکردن لەم کارەدا بە هەردوو ئاراستەکەوە، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە لە مێژووی زارەکیدا، کە لە ئێستادا بۆتە پێویستییەکی هەنوکەیی و ئایندەیی گرنگ بۆ پرسە مەعریفی و ئیپستمۆلۆجی و ئەکادیمی و تەنانەت سیاسییەکانیش، لەم نێوەندەشدا مێژوونووسانی زارەکی ئێستا لە بەشی هەرە زۆری جیهاندا چاوپێکەوتنەکانیان ئەرشیف دەکەن بۆ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەوەی پارێزراو بێت و دواتر بکەوێتە بەردەستی توێژەران، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێکی زۆر لەو چاوپێکەوتنانە ژمارەکران وئەرشیفکراون( leavy, 2011: 15-17,22) ، کەکۆی پرۆسەکەش، بریتییە لەکۆکردنەوەی تۆمارەکان و دواتر ئەرشیفکردنیان لە کتێبخانە ، مۆزەخانە ،یان ناوەندێکی مێژوویی، کە دەکرێت بەئاسانی بگاتە بەردەستی توێژەر لە رێگای تۆمار و فەهرەسەوە بێت، یان دیجیتاڵی، یان ئینتەرنێت، جا بەوجۆرەی کە رێککەوتن لە نێوان چاوپێکەوتنکراو و چاوپێکەوتنکار کراوە ( Baylor University,?:1)، کە مەبەستەکە ئەوەیە ئەرشیڤێک هەبێت بۆ پاراستنی گەواهییە زارەکییەکان و یادەوەری گشتی بۆ ئەوەی مێژوونووسان لە توێژینەوە لە بابەتە مێژووییە هەنوکەیی و هاوچەرخەکان ، لە ئێستا وئایندەدا سوودی لێوەربگرن (مجموعة مؤلفين , 2015\ج1 : 288).

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئایا پرۆسەکە چۆنە و ئایا دەبێت هەموو شتێک ئەرشیف بکرێت، ئایا بابەتەکە بەس کۆکردنەوە و پاراستنە، چونکە هەروەکو پێشتر باسکرا، هەندێکجار چاوپێکەوتنکراو شتانێک دەڵێت ،کە چەند لە ژێر کۆنترۆڵیشدا بێت بڵاوبوونەوەی کێشە دەنێتەوە ، بۆیە هەروەکو روونکرایەوە ، پێویستە تۆمارە دەنگییەکان بە قۆناغەکانی کۆکردنەوە و تەحریرکردن و ودواتریش پوختکردن و ئەویش بە پێی رێکەوتن لە گەڵ کەسی چاوپێکەوتنکراودا تێپەڕیت، دواتر پۆلێن بکرێت و بەشێوەیەکی زانستی فەهرەسە بکرێت وژمارە وەربگرێت ولە ئەرشیڤخانەدا بپارێزرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە بگاتە بەر دەستی ئەو کەس ولایەنانەی سوودی لێوەردەگرن، لەم پرۆسەیەشدا کۆپی ئەسڵی هەڵدەگیرێت و دواتر کۆپی پوختەکراو وهەندێکجار نووسراویشی لێدەکەوێتەوە ،کە لە هەندێک شوێندا کۆپی دەستنووس دەنێرنەوە بۆ چاوپێکەوتنکراو بۆ پێداچوونەوە وچاککردنەوەی هەڵەکانی ، کە هەندێکجار باشە بۆ راستکردنەوەی هەندێک هەڵەو و بابەتی رێنووسی ،بەڵام هەندێکجار دەبێتە هۆی دەستکاری کردن و گۆرینی ، هەندێک برگەی چاوپێکەوتنەکە ، کە وادەکات دواتر لە گەڵ کۆپییە ئەسلییەکەدا نایەتەوە، بەڵام هەر وەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا بەر لە هەموو بەکارهێنانێکی تۆمارە زارەکییەکان، جا لە توێژینەوە، یان لە ئەرشیڤکردنی بێت، پێویستە رەچاوی بابەتی مافی بە دەست گەیشتن و بەکارهێنان بکرێت ، کە ئەمیش تا رادەیەک پەیوەستە بە مافی دانان و بڵاوکردنەوەوە، کە لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و زۆرجاریش ئەم مافە بەو کەسە یان دەزگاو لایەنە دەدرێت کە چاوپێکەوتنەکانی ئەنجام داوە ، هەروەها پێویستە ئەوە لە گەڵ چاوپێکەوتووکراودا باسبکرێت و رێککەوتنی لە گەڵدا بکرێت، ئایا ئەم چاوپێکەوتنە تەنها بۆ ئەو کارە یان توێژینەوەیە بەکاربێت و دەتوانێت یەکجار بەکاری بێنێت؟ یان دەکرێت بخرێتە ئەرشیڤەوە و ببێتە بابەتی گشتی؟، تەنانەت هەندێکجار لە سەر ئەوە رێککەوتن بکرێت چەندێکی رێگا پێدراوە و چەندی تری نا، یان چەندێکی رادەگیرێت تا رێککەوتێکی دیاریکراو و دوای ئەو رێککەوتە مافی بڵاوکردنەوەی دەبێت ،یان تەنها بە موڵەتێکی تایبەت و دیاریکراو دەکرێت بەردەست بێت، بۆ نمونە لە هەندێک ناوەندا ئەوە بە چاوپێکەوتنکراو واژۆ دەکات، کە ئەم چاوپێکەوتنە وەکو سەرچاوەیەکی گشتی لێدێت و بەردەوام دەکرێت بەکاربێت لە توێژینەوە و بڵاوکردنەوە و بواری فێرکاری و وانەوتنەوە و پەخشکردندا، یان هەندێکجار تا سی ساڵ رادەگیرێت ، کە ئەمەش واژۆ دەکات هەروەها لە هەندێک ناوەندی تردا زۆرجار چاوپێکەوتنکار دەست لە مافەکانی بڵاوکردنەوە هەڵدەگرێت و مافی بەکارهێنانی چاوپێکەوتنەکە دەبەخشێت بە دەزگاکە بۆ بواری توێژینەوە و بڵاوکردنەوە و فێرکاری و... هتد ، تەنانەت هەندێکجار ناوەندەکە مۆڵەتی لەبەرگرتنەوەشی وەردەگرن ، واتا ناوەندەکە بتوانێت کۆپی لەبەر چاوپێکەوتنەکە بگرێتەوە و بیدات بە توێژەران ( Thompson,2000: 253-263) ، بەمجۆرەش دوای هەموو ئەو هەنگاوانەی باسکران ئەو چاوپێکەوتنانە دەبن بە بەشێک لە ئەرشیڤخانە و بابەتی گشتی و وەکو سەرچاوەی زانستی مامەڵیان لە گەڵدا دەکرێت.

**شەشەم: گرنگی ئەرشیڤکردنی مێژووی زارەکی لە نووسینەوەی مێژوویی هاوچەرخی کورددا**

سوود وەرگرتن لە چاوپێکەوتن و گەواهییە زارەکییەکان، وەکو مێژووی هەموو گەلانی تر ، لە تەواوی مێژووی گەلی کوردیشدا هەبووە، هەر لە مێژووی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخ سوود لە بابەتە زارەکییەکان وەرگیراوە ،بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخ و گرنگییەکەی بە رادەیەکی زۆر زیادی کردووە ، لە زۆربەی جومگەکانی مێژووی هاوچەرخدا توێژەرانی بواری مێژوو و مێژوونووسان پەنایان بۆئەم لایەنە بردووە و هەوڵیانداوە لە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نوسینەوەی مێژوودا سوودی لێ وەربگیرێت، لە مێژوونووسانی کورد و بیانییەکانیش ، بە دەیان چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کەسانی سیاسی و سەرکردەکاندا ئەنجامداوە هاوکات لە زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا پەنایان بۆ کلتوری زارەکی و چاوپێکەوتن و دواندنی کەسانی ئاسایی بردووە ، بە تایبەتیش ئەم کارە لە دوای ساڵی ١٩٩١ وە، زۆر زیاتریکرد و توێژەرێکی زۆر لەوانەی لە بارەی مێژووی هاوچەرخی کوردەوە نووسیویانە سوودیان لە چاوپێکەتن بینیوە ، ئەمە جگە لەوەی لە دەیان بەرنامەی راگەیاندنەکاندا، لە بیستراو و بینراو وخوێندراو، چاوپیکەوتن لە گەڵ کەسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بواری هونەری و ئەدەبی و ئابوری و..هتد ، کە گوتەکانیان سوودی مێژووییان هەبووە ، ئەنجام دراون، هاوکات هەوڵی تاکەکەسی و هەندێک لە ناوەندەکانی پاراستنی بەڵگەنامەش لەم رووەوە لە ئارادابوون، بەڵام هەموو ئەوانەی ئەنجام دراون نە لە ئاست گرنگی کارەکە و زۆری رووداوەکان و کەلێنەکانی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نووسینەوەی مێژووییین، نە بەشێوەی مێژووی زارەکی نوێ ئەنجامدراون، کە پێشتر باسکراوە، نەش وەکو پێویست گرنگیان هەیە، وەکو کەرەستەی زانستی وسەرچاوەی مێژوویی ، لە بەر ئەوەی بە دەگمەنیان نەبێت ، ئەوانی تر زۆرینەیان ئەرشیف نەکراون ،بەڵکو توێژەر تەنها سوودی لێوەرگرتووە و ئیدی دەقی چاوپێکەوتنەکە نەپارێزراوە لە ئەرشیڤخانەدا ،تا بەدەست هەموو ئەوانی تر بگات لە ئایندەدا، بۆ ئەوەی سوودی زانستی لێ وەربگرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەوانی ماویشن ، لای کەس یان ناوەند یان دەزگای راگەیاندن پارێزراون هاوکات بە شێوەیەکی زانستی نەپارێزراون و بە شێوازی سەردەمییانە ئەرشیف نەکراون، بۆ ئەوەی سوودی زانستیان هەبێت و ببن بە موڵکی گشتی ،کە وەکو باسکرا ئەمە ئامانجی بنەڕەتییە لە ئەرشیڤکردندا ، بەڵکو ئەوانیش هەر موڵکی تاک و لایەن و دەزگا راگەیاندنەکانن ، کە وا ئاسان ناکەونە بەردەستی توێژەر، هەر بۆیە بەشێکی زۆری گرنگی دامەزراندنی ئەرشیفی نیشتیمانی بۆ پاراستنی تۆمارە زارەکییەکان لێرەوە دەست پێدەکات .

بەشێکی تری گرنگی ئەم کارە لەوێوە دەست پێدەکات، کە لە کوردستان، بەڵگەنامە و کەرەستەی نووسراویش، لە چاو گەلان و ناوچەکانی تری جیهان زۆر کەمە و هیچ کات لە ئاست ئەو هەموو رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا نییە ، کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون و کەمترین بەڵگە و دەقی نووسراویشیان لە بارەوە نییە، چونکە هەر وەکو باسکرا بەشێک لە مەبەستەکانی دەرکەوتنی ئەمجۆرە مێژوونووسییە نە بوونی دەقی نووسراو یان کەمییەتی ، کە ئەگەر بڕوانینە مێژووی هاوچەرخی کوردستان هەر لە رووداوە سیاسییەکانەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و زمانەوانی و ئەدەبی و ئاینییەکان، کەمترین دەقیان لە بارەوە لە بەردەستە و ئەوانی هەشن زۆربەیان لە لایەن خودی کورد خۆیانە نەنووسراونەوە، بۆیە ئەگەری شێواندن و دەستکارییان زۆرە، هەر بۆیە زۆر پێویستە کورد ئەم کەلێنە گەورەیە، بە چاوپێکەوتنی زارەکی پڕ بکاتەوە و وردەکاری رووداوەکان و دۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی چاوپێکەوتنی زارەکی تۆمار بکات و لە ئەرشیڤخانەدا بیانپارێزێت .

لە رووی سیاسییەوە هەر وەکو پێشتر باسکرا بەشێکی گرنگی مەبەستەکانی دەرکەوتنی ئەمجۆرە مێژوونووسییە، بریتی بووە لە دەرکەوتنی جوڵەی داگیرکاری و بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی داگیرکراو، کە تەواوی مێژووی هاوچەرخی کوردیش لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، لەمرووەشەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکی مێژووی هاوچەرخەوە کوردستان لە زنجیرەیەکی نەپساوە، لە بزاڤ و هەوڵی رزگاری و دژە داگیرکەردا ژیاوە ، لەم نێوەندەشدا بەدەیان رووداوی گەورەی لێکەوتۆتەوە، کە تا ئێستاش وەکو پێویست زانیاری لە بارەی وردەکارییەکانیانەوە لە بەردەستدا نییە، ئەوەیشی هەن بەشێکی زۆری لە لایەن کوردەوە نەنووسراونەوە ، بۆیە هەر لە رووەوداوەکانی دامەزراندنی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانەوە بگرە، تا دەگاتە وردەکاری جەنگەکان و ئاوارەبوونەکان و کۆچ و رەوەکان و رەوتی پەرەسەندی جوڵەی رزگاریخوازی و گرفتەکانی و زەمینەی سیاسی و ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانە ، تا ئێستاش کەمترین زانیارییان لە بارەوە هەن و لە بەردەستدان، ئەوەیشی هەن زۆربەیان زیاتر لە زاری سیاسی و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانەوە بەردەستخراون ، نەک ئەوانەی بە کردەوە لە ئازار و مەینەتییەکانی دۆخەکە بەشدار بوون و ئەوانەی رەگەزی ناو شەڕەکانن یان ئەوانەی لە زینداندا بوون و ئەوانەی ئاوارە و دەربەدەر بوون و ئەوانەی، کە بە کردەوە بەشێک بوون لە واقیعی مێژووی و یادەوەری مێژووی ئەو کاتانە، هەربۆیە ئەم کەلێنە گەورانە، پێویستە بە چاوپێکەوتنەکان پڕبکرێنەوە و چاوپێکەوتنەکانیش هەمە لایەن و فرە رەهەند بن، واتا هەموو لایەنەکان بگرێتەوە: لە شەڕەکان، ئاوارەییەکان، زیندانییەکان، ئەنفال، کیمیاباران، گفتوگۆکان، هاوکات پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، جەنگە ناوخۆییەکان، و دەیان لایەنی تر، هەروەها ژیانی رۆژانەی پێشمەرگە و گاڵتەوگەپ و خواردن و بەڕێوەچوون و جل و بەرگ و چەکو جبەخانەیان ، هاوکات بەشداری گوندەکان و پێگەیان و رۆڵیان لە رووداوەکان و... هتد ،بگرێتەوە .لە هەمان کاتدا پێویستە چاوپێکەوتنەکان تەنها سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان نەگرێتەوە، بەڵکو پێشمەرگەی ئاسایی و خەڵکی ئاسایی وزیندانییەکان، ئەشکەنجەدراوەکان ، ئەوانی لە شەڕەکاندا بەشدار بوون ئەوانەی بینیویانن، دانیشتوانی لادێکان، کە خۆیان لە نێو واقیعەکەدا ژیاون و بینیویانە و بیستوویانە لە خۆبگرێت.

لە لایەکی ترەوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە گەورەترین کەموکوڕی لە بارەی مێژووی کۆمەڵایەتی ناوچەکەوە هەیە ،کە تەنانەت لە دەقی نووسراویشدا کەمترین دەق لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچەکە هەیە ، بۆیە هەرکات توێژەرێک بیەوێت توێژینەوەیەک لە بارەی لایەنێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام بدات، ئەوا رووبەرووی گرفتی گەورە دەبێتەوە ، کە تەنها مێژووی زارەکییە دەتوانێت ئەو کەلێنانە تا رادەیەکی باش پڕ بکاتەوە، چونکە تەنها لە زاری بە تەمەنەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە دەکرێت زانیاری ورد و دروست لە بارەی ژن وژنخوازی وماره وتەڵاق وئاهەنگ و بۆنە ویاری وگاڵتەو گەپ و شەوچەرەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جل وبەرگ و چینایەتی بەر دەست بکەوێت، کە زۆر جار رەنگە ئەم بابەتانە زانراو بن ، بەڵام دەقی نووسراو لە بارەیانەوە نەبێت، بۆ ئەوەی توێژەر پشتی پێ ببەستێت، هەر بۆیە لێرەدا مێژووی زارەکی، گەورەترین رۆڵی دەبێت لە پاراستنی ئەو زانیارانە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

و به دكيۆمێنت كردنيان له زاری كەسانی ناو واقيعەكەوە، يان ئەوانی له كەسانی ترەوە بۆيان گێردراوەتەوە، ئەوكاتيش بين به كەرەستەيەكی دەوڵەمەند بۆ ئەم جومگەيەی مێژووی هاوچەرخی كورد .

له رووی ئابووريشەوە، هەر ئەوانن دەتوانن زانياری له بارەی ژيانی ئابوری و بازاڕ و ئامێرەكانی كاركردن و گواستنەوە و بازرگانی و دۆخی كشتوكاڵ و دەيان لايەنی تری ژيانی ئابوری ناوچەكان بخەنە بەردەست وله رێی چاوپێكەوتنيان ودواتر به ئەرشيڤكردنی تۆمارەكانيانەوە بتوانرێت كەلێنێكی گەورە لەم بارەوە پڕ بكرێتەوە . هاوكات دەتوانرێت كار له سەر مێژووی ژينگە و ئاوهەوا و دەيان لايەنی تريش هەر لەم رووەوە كاری لەسەر بكرێت، ئەويش به پشت بەستن به يادەوەری مرۆڤەكان و ئەزمونەكانيان و تۆماركردنی ئەوەی بينيويانە و بيستويانە لەم رووانەوە .

به ديوێكی تردا له بەر ئەوەی ئەمجۆرە مێژوونووسيیە هەوڵی ديموكراتيزەكردنی مێژوونووسی دەدات و دەيەوێت مێژوو بگەڕێنێتەوە بۆ گەل و تەواوی گەل وەكو بەشداری مێژوو باس بكات و مێژوو له خوارەوە بۆ سەرەوە بەرێت، كه ئەمە ميتۆدێكی نوێيە له مێژوونووسی و له كوردستاندا كەمترين كاری له بارەوە ئەنجامدراوە و تا ئێستا له كوردستان باو باوی مێژووی سياسی و رووداوەكانی و پياوە گەورەكان و سياسييەكانە و تەنانەت له بارەی مێژووی كۆمەڵايەتی و ئابوريشەوە، زۆر پشت بەم ميتۆدە نه بەستراوە، بۆيە هەبوونی ئەرشيڤی ئەمجۆرە مێژووە، رۆڵی زۆری دەبێت لەوەی مێژوونووسی كورديش خۆی لەو قاوغە كلاسيكييە رابسكێنێت و ئيدی دەست بكات به توێژينەوە ،له بارەی پيشەوەرەكان ،پزيشكەكان، جوتيارەكان، كرێكاران، پەراوێزخراوەكانی مێژوو ، ئەوانەی پەڕی شار و دانيشتوانی لادێ، شوفێران، ئاسنگەران، مامانی و جەڕاحی و دەيان و دەيان لايەنی تری وردەكاری نيو كۆمەڵگا ، كه بەشێكی زۆر گرنگ له مێژووی ئەم گەلە پێكدەهێنن و ئەمانيش بێگومان بەشێكی گرنگن له يادەوەری مێژوويی و مێژووی ئەم وڵاتە . ئيدی كاتی ئەوە هاتووە له رێگای بە كارهێنانی ئەم ميتۆدەوە و ئەرشيڤكردنی تۆمارە زارەكييەكانەوە، له كوردستانيش كار له سەر پاراستنی يادەوەری زيندوی راستەوخۆی ئەوانەی بۆ خۆيان رۆڵيان بووە له رووداوەكان و خۆيان بەشدار بوون، يان به چاوی خۆيان بينيويانە، يان له كەسانی زۆر نزيكەوە بۆيان گێردراوەتەوە بكرێت ، كه ئەمە رۆڵی دەبێ له دووبارە بونيادنانەوەی دەقە مێژووييەكان به شێوەيەكی زانستی و يادەوەری له لەناوچوون دەپارێزێت ورابووردوو دەگۆڕی بۆ مێژووييەك ،كه له ژێر چاودێری و بەدواداچون و لێپرسينەوەدا بێت، بۆيە كاتی ئەوە هاتووە له كوردستانيش ئەم پرسيارانە وەڵام بدرێنەوە ( كێ مێژوو دەنووسێتەوە وچۆن دەينووسێتەوە، ئەی بۆ ئەوانەی مێژووی نووسراويان نييە چی)، كه ئەم مێژوونووسيیە ئاسۆيەكی نوێی له بەردەم توێژينەوەی مەيدانی ومێژووی كۆمەڵايەتی دەكاتەوە ،دەتوانێت ئەو پرسيارانە وەڵام بداتەوە و ئەو كەلێنانە پڕ بكاتەوە كه له مێژوونووسی كورديدا هەيە ، ئەمجۆرە مێژوونووسيیە هاوكار دەبێت له ناسينی تاك وكۆمەڵگای پێشوو وەكو چۆن ژياون هاوكات بۆمان روون دەكاتەوە چی گۆڕاوە وچی وەكو خۆی ماوە ، كه ئەمە هەميشه يەكێكە له گرنگييەكانی كاری مێژوويی هەروەها وێنەيەكی روون ودروست و بيرەوەرييەكانی رابووردوو بۆ نەوەكانی داهاتوو دەپارێزێت له بارەی ئێستاوە ، وا دەكات تاكەكان بەشداری چيرۆكەكەی خۆيان بن له زاری خۆيانەوە و به وشەكانی خۆيان و بەدەنگی خۆيان و له روانگەی تێگەيشتی خۆيانەوە لێكدانەوە بۆ ئەوەی روويداوە بكەن ، هەر له رێگای ئەرشيڤكرنی مێژووی زارەكيشەوە دەتوانرێت مێژووی رۆژانەی كوردستان وژيانی تاك و دواتر تاك له نيو كۆمەڵ و واقيعی مێژوويی كوردستان بۆ نەوەكانی داهاتو بپارێزرێت، كه ئەمە هيچكات به دەقە نووسراوەكان ناكرێت وهەر به كاری خۆشيانی نازانن، له رێگای ئەم كارەوە دەتوانرێت مێژوو وەک بابەتێكی زيندوو و بەشێوەی هاوجومگەيی و به وردەكارييەوە بپارێزرێت ، كه هەميشه له مێژووی نووسراودا ئەم كەلێنە هەيە وزانيارييەكان پچڕپچڕن ،له لايەكی ترەوە دەتوانرێت به ئەرشيڤكردنی ئەم تۆمارانە، له لايەک زانياری بخرێتە بەردەستی توێژەری داهاتوو هاوكات هەندێكجار راستی مێژووی و ئەنجامی توێژينەوشی بخرێتە بەردەست، چونكە وەک باسكرا لەم پرۆسەيەدا تەنها هەواڵدەر نادوێت و رۆڵی نييە له گێرانەوە و بونيادنانی مێژوو ، بەڵكو مێژوونووس و توێژەريش له پرۆسەی به دواداچوون و لێكدانەوەدان وبەشدارن له پرۆسەكەدا، هەروەها جياواز له دەقەكان لەم مێژووەدا توێژەر چی دەوێت و چی به گرنگ دەزانێت بۆ كاری مێژوويی، ئەوە له هەواڵدەر دەپرسێت نەک وەكو دەقە نووسراوەكان، ئەوان خۆيان چيان دەوێت ئەوە بنووسن .

ئەمانە له پاڵ ئەوەدا ،كه زانيارييەكانی مێژووی زارەكی تا رادەيەک نوێن وكاتيكی زۆريان بەسەردا تێنەپەڕيوە و كات كاری تێنەكردووە، ئەوە گێرانەوەيەكی هەنوكەيی يان نزيک له كاتی رووداوەكەيە ،كه گێڕەرەوە بۆ خۆی بينيويەتی، يان لەوانەوە بيستويەتی كه بينيويانە، كه ئەمەش وا دەكات مێژوويەک و سەرچاوەيەک ئەرشێف بكرێت، كه زياتر له راستييەوە نزيكەو وگومانی كەمتر له سەردەبێت، هاوكات ئەم مێژوونووسيیە رۆڵی دەبێت ،له سەر كەمكردنەوەی رۆڵی راگەياندن و لايەنە جياجياكان، له شێواندنی راستييەكان و بەلاڕێدا بردنی زانيارييەكان ، چونكه لێرەدا كار له سەر گواستنەوەی رۆژنامەنووسيانەی به ئامانج و لايەنگيری ناكرێت، بەڵكو به ميتۆدێكی مێژوويی دياريكراو، كه پێشتر باسكراوە ،كارەكە ئەنجام دەدرێت، بەو مەبەستەی ،كه

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 92-114
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دواتر وەكو كەرەستەی مێژوویی سوودی ببێت. هەروەها ئەمكارە رۆڵی هەیە لە دەركەوتنی پیشەی مێژوونووسی هەنووكەیی یان ئێستایی لە كوردستان، كە لە رێگایەوە مێژوونووس بە میتۆدێكی مێژوویانەی زانستی مامەڵە لە گەڵ رووداوەكان دەكات و دەیانپارێزێت بۆ ئاینده، هەر بۆ نمونە كار كردن لە سەر رووداوە هەنوكەییەكانی وەكو خۆپیشاندانەكان، كۆچی بەرەو هەندەران، دۆخی ژیانی چین و توێژەكان و شەڕی داعش و دەیان رووداوی تر، بە میتۆدێكی زانستیانەی مێژوویی نەک تەنها وەكو هەواڵ یان وەكو بابەتی رۆژنامەوانی .

جگە لەو گرنگیانەی باسكران،هاوكات هەندێک جار چاوپێكەوتن تاكە سەرچاوە دەبێت بۆ بابەتێک یان پرسێكی مێژوویی ، كە جگە لە گەواهی زارەكی ،هیچ دەقێک یان سەرچاوەیەكی تری مێژوویی لە بارەوە نییە، هەربۆیە ئەمە بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە سوودی زۆر دەبێت لە مێژووی هاوچەرخی كورددا ، ئەمە جگە لەوەی مێژووی زارەكی دەتوانێت بواری نوێ سەرباری نوسینەوەی مێژوویی بكات، لەوانە سەرباركردنی هەندێک بەڵگە ، كە لە نووسراوەكاندا نین ،هێنانە پێشەوەی ئەو دەنگانەی پێشتر پەراوێز وپشت گوێ خرابوون و بەشێكی گرنگی رووداوەكەشن هەروەها بە كارهێنانی زمانە پەراوێزی و میلییەكان لە بەڵگەنامەی زانستی هاوكات هێنانە ئارای دەقی نوێی نەبیستراو .

بابەتیكیش كە زۆر گرنگە لەم كارەدا و ئاراستەی هەرە دیاری مێژووی زارەكییە ئەوەیە كە هەوڵدەدات بەڵگە و گەواهییەكان وبیرەوەرییەكان لە لەناوچون بپارێزێت ، كە ئەمە بۆ كوردستان زۆر گرنگە و تا زووتریش دەست پێبكرێت باشترە لە بەر ئەوەی تا كاتی زیاتر بڕوات، گرفتی زیاتر دێتە پێش، وەكو مردن و تێكچونی تەندروستی وباری دەرونی ولە یادچونەوە بە هۆی تەمەن و دەیان گرفتی تر ، كە دەبنە هۆی لەناوچونی سەرچاوكانی زانیارییەكان و لە دەستدانی هەزاران پەڕی مێژووی ئەم وڵاتە .

لایەنێكی تری گرنگی ئەمجۆرە مێژوونووسییە بەكارهێنانی ئەو چاوپێكەوتنانەیە وەكو مەعریفەیەكی كۆمەڵایەتی راسەوخۆ، چونكە ئەم گەواهییانە تەنها لە مێژوونووسیدا بەكار نایەن، بەڵكو لە بوارەكانی تری وەكو كۆمەڵناسی مەعریفە، كۆمەڵناسی رۆشنبیری، كۆمەڵناسی سیاسی ، ئیتنۆلۆجی، ئەنترۆپۆلۆجی، سایكۆلۆجی و دەندروستی و .. هتد ، بەكاردێت ، بەڵام لە كوردستان تا ئێستا ئەم لایەنە كەمترین بایەخی پێدراوە ، سەرەڕای زۆری رووداوەكان كە پێویستیان بەم لایەنەیە ، كە سەرەڕای رۆڵی راگەیاندن و تەكنۆلۆجیا و هێڵە جیاجیاكانی تر، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بەشێكی زۆر لە رووداو و كەسایەتییە گرنگەكانی نێو رووداوەكان دەرناكەون ونابنە باس وخواس پشگوێ دەخرێن وبەشێک لە راستییەكان لە نێودەچن .

لەلایەكی ترەوە ئەمجۆرە كارە لە كوردستان لە رووی ئیپستمۆلۆجی و ئەكادیمییەوە سودێكی گەورە بە مێژوونووسی كورد دەبەخشێت، چونكە كاتێک مێژوونوسی بەم ئاقارەدا دەڕوات ئەوا مێژوونووسی ئەكادیمی لە زانكۆكاندا بازدانێكی گەورەدەكات لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە و بەرووی بابەت و میتۆدی نوێی كاركردندا دەكرێتەوە و سەرچاوەی زۆرتر و هەمەڕەنگتری دەبێت، كە تەواوی كەلێنەكانی كەمی سەرچاوە هەروەها قەیرانی بابەت بۆ توێژینەوە، كە ئێستا لە زانكۆكانی كوردستان پێوە گرفتارن پڕ دەكاتەوە و چارەسەر دەكات، ئەمە لە پاڵ ئەوەدا كە ئەم هەنگاوە پێویستی بە میتۆدی نوێی كاركردنە هاوكات ئەوە دەخوازێت، كە توێژەری مێژوویی مامەڵەی فیعلی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و سوودوەرگرتن لە میتۆدەكانی تری پسپۆرییەكانی تر لە زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكان وەربگرێت هاوكات دەبێت ئاگاداری پاراستنی پێوەر و بنەما و میتۆدەكانی نووسینەوەی مێژوویی بێت، هەربۆیە ئەم مێژوونووسییە نوویيە هۆكار دەبێت بۆ دەركەوتنی مێژوونوسی بە ئاگا وپیشەوەر وقوڵ و ئەكادیمی، كە پشت بە میتۆد ببەستێت لە كاركردندا، هاوكات دەركەوتنی توێژینەوەی ئەكادیمیتر و میتۆدیانەتر و سەردەمیانەتر .

هەرچەندە بەدڵنیاییەوە پیادەكردنی ئەم كارە لە رووی زەمینەی مادی وپێداویستییە هونەری ومادی و ئەكادیمییەكانەوە لەم دۆخەی كوردستاندا بەرادەیەكی زۆر قورسە، بەڵام ئیدی بۆتە پێویستییەک و بۆ دوانەكەوتن لە میتۆد و شێوازی نووسینەوەی جیهان ، لە لایەک، هاوكات بۆ پارستنی پەڕەكانی مێژوو و یادەوەرییەكان لە لەناوچوون و پشت بەستن بە سەرچاوەیەک كە خۆمان بۆ خۆمانمان پاراستبێت و دوور بێت لە دەستوەردانی دەورووبەر، ئەوا پێویستە هەرچی زووە دەست بەم كارە بكرێت .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئەنجامەکان:** لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئانجامێک گەیشتین لەوانە :

لە ناوەرستی سەدەی بیستەم بەملاوە مێژووی زارەکی و کۆکردنەوە و دواتر ئەرشیڤکردنی چاوپێکەوتنەکان هێدی هێدی، وەکو پرسێکی ئیپستمۆلۆجی و مەعریفی هاوکات ئەکادیمی دەرکەوت، ئەویش وەکو دەرەنجامێک بۆ گۆڕانکارییە مەعریفی و زانستی و فیکرییەکان و هاوکات پێشکەوتن و بەردەستبوونی ئامێرەکانی تۆمارکردن و چۆنییەتی پاراستنیان، تا سەرەنجام ئەم چاوپێکەتنانە بوون بە کەرەستەیەکی گرنگی بواری توێژینەوە مێژووییەکان و مێژووی زارەکی وەکو میتۆدێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە و کارە مێژووییەکاندا خۆی سەلماند، هەروەها بەوە گەیشتین، کە ئەم میتۆدە نوێیە زیاتر بەمەبەستی پاراستنی گەواهییەکان و بیرەوەرییەکان لە لەناوچون و بۆ ئەوەی مێژوو و کارەکانی مێژوو فراوانتر بکات و بوارەکانی تری ،وەکو کۆمەڵایەتی و ئابوریش بێنێتە ناو کایەی مێژووەوە گرنگی زۆری هەبووە ، هاوکات ڕۆڵی هەبووە لەوەی مێژوو بکاتەوە بە هی هەموو گەل، نەک تەنها هی سیاسییەکان، بەڵکو پەراوێزخراو و ئاوارە و کەسانی ئاسایی وتەواوی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە، لە لایەکی تریشەوە بەوە گەیشتین، کە ئەمجۆرە کارە مێژوویە دەتوانێت کۆمەڵێک بابەتی گرنگ سەربار بکات کە هیچ کات بە دەقە نووسراوەکان ناکرێت وەکو پاراستنی یادەوەری تاک و یادەوەری گشتی و ژیانی ڕۆژانەی تاک لە چوارچێوەی کۆمەڵدا هاوکات هێنانە ئارای هەندێک زانیاری و بەڵگەنامە کە لە دەقەنووسراوەکاندا نین هەروەها دەستخستنی ئەو زانیارییە مێژووییانەی کە مێژوونووس خۆی پێویستییەتی و بە گرنگی دەزانێت بۆ پاراستن هاوکات زانیارییەکانی ئەمجۆرە مێژوونووسییە لە بەر ئەوەی بەرەنجامی گفتوگۆی نێوان توێژەر و چاوپێکەوتنکراوە، بۆیە زانیارییەکانی بە پرۆسەی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەوەدا تێدەپەڕن ، کە ئەمە لە دەقە نووسراوەکاندا نییە ، ئەمانە جگە لەوەی بەو ئەنجامە گەیشتین، کە ئەمجۆرە نووسینە دەتوانێت کۆمەڵێک کەلێنی گەورە، لە بواری مێژووی هاوچەرخی کورد پربکاتەوە و گرنگییەکی زۆری هەیە لە پاراستنی زانیارییەکان و ئەرشیڤکردنیان هەنگاوێکی گەورە مێژوونووسی کوردی بەرەو پێش دەبات، هەروەها دەبێتە هۆی فراوانکردنی بوارەکانی توێژینەوەی مێژووی و فرەکردنی جۆرەکانی سەرچاوە و پێگەیاندی توێژەری ئەکادیمی ورد، کە بتوانێت پشت بە میتۆدێکی دیاری توێژینەوە ببەستێت، لە کۆتاییشدا بەو ئەنجامە گەیشتین ، کە ئەمجۆرە مێژوونووسیە و ئەرشیڤکردنی لە ئێستادا، بۆتە پێداویستییەکی گەورە و زۆر گرنگ بۆ کوردستان ،بۆیە پێویشتە بە زووترین کات لە کوردستان دەست بە هەنگاوی کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردنی مێژووی زارەکی بکرێت .

**سەرچاوەکان**

**یەکەم : بە زمانی ئینگلیزی**

-Thompson, Paul.( 2000 ), , The Voice of the Past Oral History, Oxford University Press .
- Leavy ,Patricia. (2011), Oral History, Oxford University Press, Inc.
- Abrams ,Lynn .( 2010), Oral History Theory, Routledge
-Introduction to Oral History Baylor University Institute for Oral History Workshop on the Web http://www.baylor.edu/oralhistory
-Smithsonian Institution Archives, How To Do Oral History, Suggestions for anyone looking to start recording oral histories based on best practices used in the Smithsonian Oral History Program at the Smithsonian Institution Archives
-Ranjan ,V. (ICHLM'2012) ,International Conference on History, Literature and Management , Dubai (UAE).
-The Methodology of Oral History ,( June 2006), INTRODUCTION TO ORAL HISTORY Sinomlando Centre for Oral History and Memory Work in , Africa University of KwaZulu-Natal Pietermaritzburg .
-Sharon Veale and Kathleen Schiling.( 2004),Talkimg History . Oral History .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**- دووەم: بە زمانی عەرەبی**

-أولسون ,ديفيد ر. و تورانس , نانسي.(2010), الكتابية والشفاهية , ت. صبري محمد حسن القاهرة .
-السيد , محمد ابراهيم .(1987) , في تاريخ الارشيف و وحداته , القاهرة .
-السيد , محمد عبدالفتاح, الحبكة الدرامية في تلقين ورصد الاحداث التاريخي الشعوبة .
-الطاهر بودويرة .(2009), تثمين الرأسمال البشري في ميدان الأرشيف بين التكوين وممارسة المهنة ,رسالة ماجستير , جامعة منتوري , قسنطينة .
-بيتر بوركي , نطرات جديدة على الكتابة التاريخية و ترجمة وتقديم . قاسم عبدة قاسم , القاهرة , 2010.
-فرو ,قيسى ماضي,( 2013 )المعرفة التاريخية في الغرب (مقاربات فلسفية وعلمية وادبية )و, بيروت .
-مجموعة مؤلفين.( 2015), التاريخ الشفوي مقاربات في المفاهيم والمنهج والخبرات ,بيروت , المجلد الأول.
-مجموعة مؤلفين.( 2015) , مقاربات في الحقل الاجتماعي – الانثروبولوجي , بيروت , المجلد الثاني.
-نبيل علقم قراءة نقدية لتعاملنا مع التاريخ الشفوي

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)